# چرکە

گۆڤارێکی هەستیاری کلتوری و سیاسییە


گۆڤارێکی هەستیاری کلتوری و سیاسییە

مۆڵەتی ژمارە (368)سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی وەرگرتووە

تشرینی یەکەم 2009.10.1 ژمارە 22

خاوەن ئیمتیاز:

■ کاڵێ فەقێ وسو ئەحمەد

سەرنووسەر:

■ محەمەد فەریق

بەرێوەبەری نووسین:

■ گۆران رسوڵ زەوقە

دیزاینی بەرگ :

■ هوشنگ عمر

دیزاین:

■ محەمەد بابان

ناونیشان:

نوسینگەی هەولێربرایەتی 40 مەتری

( 07504412444 )

( 0662568812 )

cherka_mag@yahoo.com

چاپخانەی کوردستان

(07701532640)

بڵاوکردنەوە:خانەی کاوان

(07504612568)



## لیستی گۆران هه ڵەکانی پارتی و یەکیتی دوبارە دەکاتەوە



## بەپێی بەڵگەنامەکان موجاهیدی خەڵق لە راپەڕینەکەی (١٩٩١)دا (٧٩) کوردیان کوشتووە




## ئەگەر مالیکی دەست لەکاربکێشێتەوە، خۆم بۆ سەرۆکایەتی عێراق دەپاڵێوم



# سەرکەوتنی سیاسی کوردستان لە پێکەوە بوون و یەک ریزی دایە.



**کاڵێ فەقێ وسو ئەحمەد**

پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان لە هەر وڵاتێك دا غەڵبە غەڵبێك لە نێوان لایەن گرانی لیستە جیاوازەکان دروست دەکات و براوەی زۆرترین دەنگەکان بە پرۆسەیەکی باش و دیموکراسی وەسفی دەکەن و پێچەوانەی ئەمەش ئەوەیە کە هەندێکی تر بە پرۆسەیەکی خراپ و پڕ لە تەزویرات و خروقات وەسفی دەکەن.هەر لایەنێك هەوڵی ئەوە دەدات کە لەم پرۆسەیە دا زۆرترین دەنگ و رەنگ بۆ خۆی تۆمار بکات و لەم حاڵەتە دا زۆر جاران روبەروبونەوە و قسە لێك هەڵبەزینەوە ڕودەدات و لە پێناو بردنەوەی زۆرترین دەنگ شێوازی جۆراو جۆر بۆ ئەم مەبەستە دەگرێتە بەر. ئەوەی کە گرنگە بۆ ئەمرۆی هەرێمی کوردستان و ئەو بارودۆخە تایبەتییەی کە تێیدا بە سەر دەبات ئەوەیە کە لە دوای هەڵبژاردن هەموو دەنگی لیستە جیاوازەکان بۆ یەك ئامانجی سەرەکی هەوڵ بدەن ئەویش سەرکەوتن و سەرفیرازی کوردستانە. رێکخستن و جوان کردنی سیمای سیاسی هەرێمی کوردستان و نیشان دانی بە دوژمنان و وڵاتانی دەرەوە پێویستی بە یەك ریزی و یەك هەڵوێستی هەیە لە کاتی پرۆسە نەتەوەییەکان دا.

ئەو ماوەیە هەموومان گوێ بیستی هەندێك لیست و لایەنی سیاسی بووین و دەبینین کە لە دوای فەشەل هێنانیان لە ناو حزبەکەی خۆیان داوای گۆڕانی گشتی دەکەن هەر چەند کە ڕون و ئاشکرایە ئەمانە بە زۆرینە بەرهەمی لێك هەڵوەشانەوە و لێك ترازانی حیزبێکن بەڵام هەندێك لەم هاوڵاتیانە بە وتنەوەی شیعاری گۆڕان بە قسەی خۆیان هەوڵ دەدەن گۆڕان دروست بکەن و هەریمی کوردستان لە ژێر گەندەڵێ رزگار بکەن، بەڵام هەندێك لەوانە کە تەنیا خۆیان بە گۆرانخواز دەزانن و غەیری خۆیان، هەمووی بە نەزان و گەندەڵ وەسف دەکەن، ئەگەر لاپەرەکانی مێژوو هەڵدەینەوە دەردەکەوێ کە ئەم گۆڕان خوازانەی ئەمرۆ هەمان گەندەڵەکانی دوێنێن و ئەمرۆکە لە ژێر سێبەری دروشمی بریقەداری گۆڕان زۆر بەی شتە جوانەکان و پیرۆزەکان زەربی خراپەکان دەکەن.

هەرچەند کە رۆژانە دەبینین و دەبیستین کە زۆرێك لەو هاوڵاتیانەی کە دەنگیان بەم لیستە داوە پەشیمان بونەتەوەو تازە بۆیان دەرکەوتوە کە تەنها وتنەوەی شیعار و ناشیرین نیشان دانی سیمای دەسە ڵاتی سیاسی و نیشان دانی تەنها کەم و کوڕیەکان بە مەبەستی دروست کردنی دیوارێکی ئەستور لە بێ متمانەی و .....فریاد رەس نییە.

سەرەڕای ئەوەش پێویستە ئەوە بزانرێ کە یەك هەڵوێستی و لە بەر چاو گرتنی پاراستنی بەرژەوەندییە گشتی یەکان و ڕەچاو کردنی بارودۆخی کوردستان زامنی سەرکەوتنە. قسەی ڕەق و پێشان دانی دەسە ڵاتی سیاسی کوردستان بە شێوەیەکی ناشیرین و قێزەوەن و گەندەڵ و هەروەها هەوڵ دان بۆ کەم کردنەوەی ئاستی ئینتیمای نەتەوەیی خەڵك بە شێوازە جۆراو جۆرەکان نابێتە هۆی گەشە کردنی کوردستان بەڵکو ئەمە هەوڵێکە بۆ تێکدانی ژێر خانی سیاسی کوردستان.

# لیستی گۆران هه ڵەکانی پارتی و یەکیتی دوبارە دەکاتەوە

**هەژار هەورامی، ستۆکۆلێم**

زۆرێك لە خەلكی كوردستان وامان زانی كاتێك نەوشیروان موستەفا دەستی لە ی. ن. ك. كشاندەوە ئەوا ئیتر هەول بۆ خستنەروی گەندەلیەكانەو پیلان بۆ چارە سەركردنیان دەنێت یان پێشنیار بۆ كاری باشتر دەكات. بەلام بەداخەوە ئەوەی خەلكی چاوەرێی بوو هەر وانەبوو بگرە هەولدان بو بۆ گرتنە دەستی دەسەلات واتە دەستەلاتێك لەوەی خۆی زیاتر كە لەناو یەكیەتیدا هەیبوو. دەسەلاتێكی دەوێت كە هەر خۆی هەموشت بێت هەر خۆشی بریار بدات. هەولی گرتنەدەستی دەسەلات خۆ خراپ نیە ئەگەر مالی كەسی تر كاول نەكیتو بە شێوەیەكی باش بۆی برۆیت خراپ نیە چونكە نەوشیروانیش یەكێكە لەو كەسانەی كە هیوایتی دەستەلاتە. با زۆر تر لەسەر ئەم باسە نەرۆم بەجێدێلم بۆ خوێنەری بەرێز، من لێرەدا شتێكی ناخۆشی شەری برا كوژی دێنمەوا بیرتان كە بەراست رۆژێكی ناخۆشبوو لە مێژووی كوردو كوردستانداكە سەركردایەتی هەرد دولا دانیان بەو راستیەدا ناواو داوای لێبوردنیان لە میلەت كردوە، ئەویش ئەو كاتانە بو كە راگەیاندنەكانی هەردوو لا باسیان لە وەدەكرد كە كە فلان مەسول خۆیو پێشمەرگەكانی هاتنە ناو ریزكانمانەوا هەردو لا ئەمە كاریان بوو، بە هەر حال كۆتای بەم رۆژە ناخۆشە هاتوو بە سەر جوو گەرچی كارێكی خراپی بەسەر میلەتەكەماندا هێناو لە هەمو بارەیەكەوە زەرەرمان كرد. كەجی تازە بە تازە نەوشیروان موستەفاو راگەیاندنەكەی لە رێی رۆژنامەوكانیەوا یان تەلەفیزۆنەكیانەوە باس لە وەدەكەن كە ئە ندام كۆمیتەی فلان گەرەكوو، ئە ندامانی فلان كۆمیتە وازیان لە كۆمیتە هێناوە هاتونەتە ناو ریزەكەی نەوشیروان موستەفاوە، كە سەیرەكە لەوەشدایە كەس لە نەوشیروان تێناگات، لەلایەكەوا واز لەیەكیەتی ناهێنێت، لەلایەكی ترەوا دژایتی دەكات، كە ئە مە بەس مام جلال و یەكیەتی قبولی دەكەن. جونكە هەرگیز نبوەو نابێت كەسێك خۆی بە خاوەن مالێك بزانێتو هەول بۆ وێران كردنی بدات. لە لە لایاكی تریشەوا باسی گندەلیو خراپەكانی یەكیەتیو مام جەلال دەكات، بۆ لە خۆی ناپرسێت ئەی هەموو تەمەنی لەناو یەكیەتیدا سەرف كرد بۆ خراپ نەبوو جەند جار تۆرایتو گەرایتوە لای مام جەلال بۆ؟؟؟. تۆ بە درێژای ئەو هەمو خەباتە لەناو یەكیەتیدا نەت توانی كۆران لە مەلبندێكدا بكەیت، ئێستا چۆن دەتوانی گۆران لە حوكومەتو دەسلاتدا بكەیت؟باشتر وایە لەباتی دژایتی كردنی یەكیتی دژایتی ئەو كەسانەبكەیت كە دان بە كوردستان بونی كەركوكدا نانێن. رۆژنامەو تەلفیزۆنەكەت بۆ برنگار بونەوای دوژمنان بەكار بێنە باشترە، جونكە ئەگەر خوا نەكردە هاتو ئەم حوكمەتەمان شكستی هێنا تۆ لە پێش هەموكەسێكەوە تاوان باری. لە كۆتایدا پرسیارێك بۆ خەلكی كورد بە جێدێلمو دەپرسم؟نەوشیروان موستەفا بە مام جەلال دەلێت تەمەنی زۆرە با دەست بەرداری دەسەلات بێت، باشە ئەی تەمەنی نەوشیروان موستەفا چەندی فەرقە لە گەل مام جەلال دا؟؟ باشە سەدان رۆلەی ئەم كوردە هەژارە خۆی دا بە كوشت لەناو رێبازی كۆمەلدا تۆ جۆن دەلەیت من بروام بە كۆمەنیست نەبوە هەرگیز، ئەی رێز بۆ شەهیدەكانو كەسوكاریان دانانێیت؟؟ یان هەر وەك كاری هەمیشەیت گرنگ ئەوەیە خۆت بمێنیتەوا بۆ گرتنە دەستی دەسەلات. لێرەدا داوا لە خەلكی هەژاری كورد دەكەم جارێكیتر رۆشن بیرانە دەنگ بدەن، سەیرێكی رابوردوی نەوشیروان موستە فا بكەن ئینجا خۆتان بریار بدەن. قەتلو عام كردنی شویعیەكان كێكردی ئایە بە سەرۆكایتی نەوشیروان نەبو؟؟شەری ئیسلامیەكان كێ كردی؟ ئەندازیاری شەری براكوژی كێبوو؟؟؟؟؟. شەهیدكردنی پێشمەرگەكانی كۆمەنیست لەبە ردەم بارەگای خۆیاندا كێبو بە بریاری كێ كرا؟؟؟




# پەیمانگەی واشنتۆن بۆ سیاسەتەکانی رۆژهەڵاتی خواروو

# باس لە لاوازییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

**لە (29)ی رابردوو کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە عێراق ئەنجامە سەرەتاییەکانی ئەو هەڵبژاردنە سەرۆکایەتی و پەرلەمانییەی مانگی تەموزی بەڕێوەچووبو بڵاوکردەوە، ئەنجامەکان دەریانخست کە کوتلەی سیاسیی پتەو لەرووی کلاسیکییەوە بۆ حزبێک کە تازە دروستکراوە زۆرینە لەدەست دەدات، ئەمەش کەلێنێکە بۆ رووداوی گۆڕان لە سیستەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەمەش هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی هەنگاوێکی دوور لە "هەڵبژاردنی بەڕێوەبراو"ی نا و بەرەو سیستەمێکی سیاسیی زیاتر بەکێشمان کە پێشبینیشی ناکرێت.**

نوسینی: مایكل نایتس
وەرگێڕانی: هێژا گەرمیانی



# ی دەکات

### رەسیدی پەرلەمانی

لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئەنجومەنی نیشتمانیی هەرێم کە لە(111) کورسی پێکدێت، لیستی کوردستانی- کوتلەیەکە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان-پێکدێت بە بەدەستهێنانی ڕێژەی (57%) بردیەوە، هاوکات بڕی (59) کورسیشی بەدەست هێنا، بەرهەم ساڵح جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق بە یەکێك لە بە چانسترین سەرکردەکانی لیستی کوردستانی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لیستی (گۆڕان) کە تازە پێکهێنراوە بە پلەی دووەم هات بە بەدەست هێنانی بڕی (24%)ی دەنگەکان و بەدەستهێنانی (25)کورسی، لیستی (چاکسازی و خزمەتگوزاری) کە کوتلەیەکە لە گرووپە ئیسلامی و ئیشتراکییەکان پێکدێت بڕی (13%)ی

دەنگەکانی بەدەست هێنا و بەمەش توانی (13) کورسی بۆ خۆی مسۆگەربکات، لەگەڵ ئەوانەشدا بڕی (11) کورسی لە پەڕلەمان بۆ کەمایەتییەکان تەرخانکراوە. سەرباری ئەوەی سێ پارێزگا کە هەریەك لە (هەولێر، دهۆك، سلێمانی) ن لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستانن، بەڵام هەڵبژاردنەکان وەکو یەك بازنەی هەڵبژاردن بەڕێوەچوو، هەروەها سیستەمی لیستی داخراو پەیڕەوکرا، کە تێیدا ڕێگە بە دەنگدەر دەدرێت لە بری پاڵێوراوەکان وەکو تاك، حزب هەڵبژێرێت، ئەم میکانیزمە کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشووی عێراق کە لە (2009) بەڕێوەچوو پەیڕەو نەکرا یارمەتی شاردنەوەی ڕەسیدی راستەقینەی پێوەرە میللیەکان لە نێوان تاکەکان و حزبەکان دەدات، سیستەمی لیستی داخراو خەسڵەتێکی گرنگ بۆ سەروەریی سیاسی هاوبەش کە هەریەك لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان پارێزگاری لێدەکەن پێکدێنێت، ئەو دوو حزبەی دەیانەوێت خۆیان بەدوور بگرن لە رکابەری راستەوخۆی لە نێوانیاندا لەبارەی کۆنترۆڵکردنی پارێزگا و ناوچە کەسەکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەگەڵ ئەوەشدا ناشاردرێتەوە کە ئەم سیستەمە هەڵبژاردنە واقیعی ئەو مەسەلەیە کە دۆخی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستانی عێراق هەنگاوێکی لەوە دوورتری هاویشتووە کە "دیموکراسییەتی بەڕێوەبراو" بێت،(بۆ نمونە کاتێك هەردوو حزبە سەرەکییەکە 93ی کورسییەکانی پەڕلەمانیان بردەوە لە2005، ئەو کورسییانەشیان بە یەکسانی لە نێوان هەردووکیان دابەشکرد)، ئەگەریش هەیە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەردەم بن لە کۆنترۆڵکردنی پشکی شێری کورسییەکان، بەڵام توانای بڕوادانیان بە یاساکان بێ ئۆپۆزسیۆن نەماوە. لەو کاتەی کە سیستەمێکی سیاسی هەیە لەسەر هاندانی پاراستنی روحی یەکێتی نیشتمانی بەندە، پەرلەمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت مشتومڕی راستەقینە و ئیمزاکردنی گرێبەستی ڕەسەن لە سیستەمێکی فرە حزبی بەخۆوە ببینێت، لیستی گۆڕان بە سەرۆکایەتی (نەوشیروان موستەفا) کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە پشکێکی بێ پێشینەی لە دەنگەکان بەدەست هێنا، ئەمەش بە پشت بەستن بە ئارەزوویەکی راستەقینە بۆ گۆڕانێکی سیاسی (جگە لە جەماوەرێتیی نەوشێروان موستەفا و موڵکایەتیکردنی دەزگایەکی راگەیاندن)، ئەمەش بۆ کۆکردنەوەی زۆترین ژمارەی دەنگدەرە گەنجەکان و چینی مام ناوەند، ڕەنگیشە چەند گروپێك لە کاتی گونجاودا لەیەکێتی و پارتی جیاببنەوە، یان وەکو کوتلەی سیاسی کە پەڕلەمانتار لەماوەی ویلایەتی ئێستا، یان وەکو دەنگدەر لە هەڵبژاردنەکانی ئایندە، بەمپێیە، لە ئێستادا بەلانی کەمەوە دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسی کە لەسەر چەند حزبێکی بەکێشمانتر بەند بێت لە ئارادایە.

## باس لە لاوازییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی دەکات

چەند ساڵێکە قەیرانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان گرتەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بوونی راپۆرتگەلێك کە باس لە تێکچوونی تەندروستیی (جەلال تاڵەبانی) سەرۆك کۆماری عێراق دەکەن کە ماوەی نزیکەی (34) ساڵە سەرۆکایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکات، سەرکردایەتیی ئەم حزبە کە پاڵپشتیی خۆی لە سەنتەرەکانی خوێندکاران و بازنە سیاسییەکانی سلێمانی وەردەگرێت بەشێوەیەکی بەردەوام رووبەرووی رکابەرییەکان بووەتەوە، وە بەپێچەوانەوەی بنەماڵەی و سیستەمی بنەماڵەی دەسەڵاتدار کە تا رادەیەکی زۆر پارتی دیموکراتی کوردستان پەیڕەوی دەکات، یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕێکخراوێکی سیاسیە ئەگەری هەیە لە نێو ژمارەیەك بژاردە سەرکردەکانی هەڵبژێرێت، گریمانەکان بۆ پاشینەکان و جێگرەوەکانی جەلال تاڵەبانی زۆربوون هەر لە پێشمەرگە کۆنەکان کە لە (نەوشیروان موستەفا)وە دەست پێدەکات تا (کۆسرەت رەسوڵ) تا دەگاتە نوێیەکانی وەکو (بەرهەم ساڵح) یان (قوباد)کوڕەکەی (جەلال تاڵەبانی)و نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن، ئەمەو مێژووی رادەستکردنەوەی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە یەکێتی لە (2008) نەهێڵدرا، بەهۆی تارادەیەکی زۆر نەگەیشتنی یەکێتی نیشتمانی لەنێوخۆیدا بە ڕێککەوتنێکی نێوخۆی لەسەر پاڵێوراوێك. وا پێدەچێت حزبەکەی تاڵەبانی لە سلێمانی ڕێژەیەکی زۆری دەنگەکان بۆ بەرژەوەندیی لیستی گۆڕان لە دەست دابێت، لە سلێمانی هەڵبژاردنەکان روودانی شەڕی پچڕپچڕی بە تفەنگی



بەخۆوە بینی، هەروەها پشکی شێریشش لە ساختەکارییەکان روویدا کە ژمارەی ئەو ساختەکارییانە گەیشتە (651)، یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان پێش هەڵبژاردنەکان لەسەر داشکاندنی ئەو کورسییانەی لیستی گۆڕان دەیانباتەوە لە پشکی کورسییە دیاریکراوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە چوارچێوەی لیستی کوردستانی، هەردوو حزبە سەرەکییەکە بۆیان دەرکەوت کە لیستی گۆڕان لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان جیابووەتەوە و رەنگە لە کۆتاییدا دەست بەسەر کورسییەکانی بنکەی دەنگدانی لایەنگرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بگرێت و بە هەمان چەشنی گرنگی، لە توانای پارتی دیموکراتی کوردستان نەما کەبە پشکێکی یەکسان لەو کورسییانەی کە بردییەوە لە هاوبەشییەکەی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان رازی ببێت، بەهۆی هاوپەیمانێتییەکی ئایندەیی لە نێوان لیستی گۆڕان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

## سەرۆکایەتی

(مەسعود بارزانی) بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم هەڵبژێردرایەوە، پاش بەدەستهێنانی (70%)ی دەنگەکان، ئەو مەسەلە هەڵپەسێردراوەشی کە ماوەتەوە، کە لە ئێستادا گرنگییەکی تایبەتی هەیە، بەهۆی نەبوونی مسۆگەری لەسەر کۆنترۆڵکردنی پەرلەمان لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، ئەو مەسەلەەش ئەوەیە چۆن دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بەپێی دەستور دیاری دەکرێن، لە شێوازی ئێستایدا رەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان رێگەی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی یاسادانان و حکومەتی هەرێم بە سەرۆکی هەرێم دەدات، سەرۆکیشی کردووەتە سەرکردەی

گشتیی پاسەوانانی هەرێم (نزیکەی 46000 پێشمەرگە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیەتی)، هەروەها سەرۆك ئازادکراوە لە بڕواپێدانی یاساکان و بەکارهێنانی مافی رەتکردنەوە (ڤیتۆ) لە دژیان، هەروەها سەرۆك دەتوانێت وەزیرەکان لەسەر کار لابدات و رێوشوێنی وا دەربکات کە هێزی یاسایان هەبێت، دوو هەوڵی تێپەڕاندنی دەستور شکستی هێنا، بەڵام لە(24)ی رابردوو پەرلەمان رەزامەندیی خۆی لەسەر رەشنوسەکە نیشاندا، بەڵام گومان لە شەرعییەتی ئەو دانیشتە تایبەتە هەبوو کە پاش (20) رۆژ بەسەر تەواوبوونی وادەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەران بەسترا، هاوکات کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان شکستی بە کردەی بڕواپێدانی رەشنوسی دەستورەکە کە پلانی بۆ داڕێژرابوو لە راپرسییەکی جەماوەری هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی (25)ی تەموز بخرێتە دەنگدانەوە هێنا. دانانی دەستورێکی نوێ پێویستی بە ئاستێکی بەرز لە پاڵپشتی و پشتیوانی دەبێت بۆ ئەوەی بڕوای پێبدرێت و ببێتە جێی متمانە، ئەمەو لیستی گۆڕان رایگەیاند کە پاڵپشتیی دامەزراندنی سیستەمێکی پەرلەمانی نەوەك سەرۆکایەتی بۆ حوکمکردن دەکات، ئەگەر ئەوەش لەلایەن پەرلەمانتارەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بەرهەمساڵح ئەگەر ببێتە سەرۆکی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی پشتیوانی لێبکرێت، ئەوا رەنگە دەسەڵاتی یاسادانان بتوانێت دەنگی پێویست بە رەشنوسی پرۆژەکە نەدرێت، بۆ ئەوەی دووبارە چاوخشاندنەوە بە دەسەڵاتەکانی سەرۆك بسەپێنرێت، ئەمەش رەنگە یەکەمین تاقیکردنەوەی هاوسەنگی هێزە نوێیەکان بێت.

## پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومتی هەرێم

پێدەچێت ماوەی پاش هەڵبژاردنە



نیشتمانییەکەی (2010) دەرفەتێك بێت بۆ بەستنی گرێبەستێك لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەریش هەیە هەیە حکومەتی هەرێم ببێتە هاوبەشێکی ئامادە بۆ وتوێژکردن، کوردەکانیش لەو (275)کورسییەی پەرلەمانی نیشتمانی عێراق (50) کورسی یان زیاتر بەدەست دەهێنن، ئەگەریش هەیە ببنە یەکێك لە گەورەترین کوتلەکان، وە (نوری مالیکی) سەرۆك وەزیرانی عێراق و سیاسەتمەدارەکانی دیکەش هەوڵ دەدەن بیانبەنە نێو ئیئتیلافەکانیان و لەگەڵیاندا نەرم ببن بۆ ئەوەی بە کۆمەڵ یان تاك تاك بۆلای خۆیان راکێشیان بکەن، رەنگە هەوڵیش بدەن لیستی گۆڕان یان لیستی کوردستانی بۆ خۆیان راکێش بکەن و بیانخەنە نێو حکومەتێکی یەکێتی نیشتمانی، رەنگە ماوەی پاش هەڵبژاردەکانیش ئامادەبێت بۆ جولانەوە و گفتوگۆکردنی مەسەلە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی فیدراڵی، سەردانەکەی مالیکی لە (2)ی ئۆگۆستۆسی رابردوو بۆ کوردستانی عێراق یەکەمین بوو لەوەتی بووەتە سەرۆك وەزیرانی عێراق، بەڵگەیەکی دیکەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو سیاسەتمەدارانەی بەدوای کوردەکاندا دەگەڕێن سوورن لەسەر بەستنی گرێبەست لەگەڵ کوتلە کوردییەکاندا.

لەکاتی پێکهێنانی حکومەتی نیشتمانی لەسەرەتاکانی (2010)، ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هێما و ئاماژەی جیاواز لەبارەی توانای حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قۆستنەوەی دەرفەت و چوونە نێو سازشی سیاسیی نوێ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، لە کاتێکدا هێشتا (مەسعود بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرپرسی بەڕێوەبردنی هەرێمە، رەنگە بەردەوامیش بێت لە پەیڕەوەکەی کە خۆی لە گرتنەبەری سیاسەتی رووبەرووبونەوە لەگەڵ بەغدادا خۆی دەبینێتەوە، بە لام دەستنیشانکردنی (بەرهەم سالح) وەکو سەرۆك وەزیرانی هەرێم دەبێتە هۆی تێگەیشتنی حکومەتی هەرێم لە حکومەتی فیدراڵی و یارمەتی زیادکردنی دەسهڵاتەکانی لە نێو حکومەتی فیدراڵی دەدات، هەروەها سەرکردە کوردەکان لەسەر ئەو ناوچانەی کێشەیان لەسەرە گوێ ئەو پەیامە دەگەیەنن کە لە هەولێرەوە دێت و ئاماژە بۆ بەئاگابوون دەکات، جگە لە خۆڕاگرتن.

### شوێنەوارەکان لەسەر سیاسەتی گشتی

پێویستە لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دان بەو کرانەوە تارادەیەی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بەدی هاتووە بنێت، بەلام دەبێت چاوکراوەبێت لە چاودێریکردنی سیاسەتەکانی هەرێم، وە بۆ ئەوەشی پارێزگاری لەسەر بەردەوامبوون لەگەڵ حکومەتی هەرێم بکات، ئەوا ئەمریکا دوو هاندەرەی هەیە، یەکەمیان بریتییە لەوەی لێکنزیکبوونەوەی بەغدا و هەرێمی کوردستان یەکێك لە پێگە گرنگەکانی ستراتیژییەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عێراق پێکدەهێنێت، وەك لە سەردانەکەی هەریەك لە (رۆبەرت گەیتس) وەزیری بەرگریی ئەمریکا و (رای ئۆدێرنۆ) سەرکردە هێزە فرە ڕەگەزەکان لە عێراق بەدەرکەوت، بەهەمان چەشنی گرنگی،دیموکراسییەت لە هەرێمی کوردستان شیاوی پشتیوانیکردنە، چونکە پێدەچێت سیستەمی پەرلەمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بگەیەنێتە ئاستی بالای دیموکراسیەتەکانی رۆژهەلاتی ناوە ڕاست، سەرباری ئەوەش سیستەمی سەرۆکایەتیی بەهێز کە لە رەشنوسی دەستووردا هاتووە زۆر لە دیکاتۆرییەتێك بە دەستکێشی شۆڕشی نێوخۆی کەمتر دەبێت.

دەشکرێت ئیدارەکەی ئۆباما دەنگی خۆی کە هێشتا بەرزترینە لە نێو سەرجەم هاوبەشەکانی حکومەتی هەرێم لەدەرەوە بۆ پاڵپشتیکردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و سەرۆك وەزیرانی نوێ بەکاربهێنێت، هەروەها حزبە سیاسییەکانی نێو حکومەتی هەرێم و سیاسەتمەدارەکانی وەکو(بەرهەم سالح) پێویستیان بە پاڵپشتیی روون هەیە، ئەگەر ویستی گەشەکردنی دیموکراسییەتی پەرلەمانی لە کوردستانی عێراقدا لە ئارادابێت، سەرباری سەرجەم هەڵە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانتارە کوردە هەڵبژێردراوەکان لەلایەن گەلەوە نوێنەری شەرعیین و زیاتر لە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم بەرپرسن لەبەردەم دەنگدەران، پێویستە پەرلەمانی کوردستان هەر دەستورێك رەت بکاتەوە کە دەستی دوور درێژ بکات بۆ ئەوەی پەیوەستە بە وروژاندنی داواکارییە هەرێمییەکان یان ئەو هەنگاوە زۆر واقیعییانە بەرەو دیموکراسییەتی راستەقینە کە لەرێگەی هەڵبژاردنەکانی ئەمدواییەوە هەرێم بەدەستی هێناوە.

# گۆڕان ئەزمونەکەی یەکگرتوو تاقیدەکاتەوە..



## پێدەچێت هەڵوێستەکانی گۆڕان لەمەڕ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق د



ڕاپۆرتی شیکاری: هێمن بابان

**پێدەچێت ئامادەیی نیشاندانەکەی نەوشێروان مستەفا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ یەکێتی و پارتی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر هەڵبژاردنەکانی ئایندەی عێراق درز بخاتە نێوان یەکێتی و پارتییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕان ترسی لە تاقیکردنەوەی ئەزمونی یەکگرتوو نییە، ترسی لە سوتانی بارەگاکانی و تیرۆرکردنی لایەنگرانی نییە، بۆیە ئاسانیش نابێت ئەو هێزانە پێکەوە بەیەک لیست لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بەشەداری بکەن.**

# رز بخاتە نێو یەکێتی و پارتییەوە

(287) قەوارە و لایەنی سیاسی لە کۆمیسیۆن قبوڵکراون بەپێی دوایین ئامار و داتاکانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق تاوەکو رۆژی شەممە بەرواری (12/9/2009)کوردستان ژمارەی ئەو لایەن و کیان و کەسانەی ناوی خۆیان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی داهاتووی عێراق کە بڕیارە لەسەرەتای (2010) ئەنجام بدرێت، گەیشتووەتە (287) قەوارە و کیانی سیاسی، لە نێو ئەوانەدا (42) کەس کە وەکو کەسایەتی نەوەك لایەنی سیاسی خۆیان تۆمارکردووە، هەروەها لە نێو ئەو لایەن و کەسایەتییانەی ناوی خۆیان بۆ رکابەرایەتیکردنی هەڵبژاردنەکان تۆمارکردووە چەندین لایەنی و کەسایەتی کورد هەن، لە نێویاندا گرنگترینیان ئەمانە (پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامی، بزوتنەوەی ئیسلامی، حزبی شیوعی کوردستان، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، حزبی سویسالیست دیموکراتی کوردستان، پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان، بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان)، بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان تاوەکو ئێستا هیچ کام لەو لایەن و حزبانە هاوپەیمانێتیان دروست نەکردووە.

**ئایا کورد ماڵی خۆی یەك ناخاتەوە.؟**

بەپێی ئاماژە و زانیارییەکانی بەردەست تاوەکو ئێستا کورد بەهۆی چەند هۆکار و فاکتەرێکی نێوخۆی و دەرەکییەوە ناپەرژێت بیر لە بەستنی هاوپەیمانێتی ببەستێت بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق، گرنگترین ئەو هۆکارانەش بریتییە لە سەرقاڵبوونی سەرکردەکانی کورد، بەتایبەت سەرانی لیستی کوردستان بە خۆ رێکخستن بۆ پێکهێنانی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە بۆ ئەم مەبەستە چەندین کێشەی گەورە هەیە پێویستیان بەتێپەڕاندنە، بەڵام رەنگە ئەم تەگەرانە بەئاسانی تێنەپەڕێندرێن، لەوانەش چەند و چۆنێتی وەزارەتەکان و ژمارەکانیان و ناوەکانیان و سپاردنیان بە کێ و دەستنیشانکردنی کەسانی شیاو بۆ گرتنە دەستیان، بەتایبەت لیستی کوردستانی ناتوانێت خۆی لەوە بدزێتەوە کە بە پێچەوانەی وەزیرەکانی پێشوو، ئەمانەی ئەمجارە لەبەردەم لێپرسینەوەی قورس و تاقیکردنەوەیەکی سەختتدان و پێویستە کەسانی وا دیاری بکرێن شیاوی ئەو پۆستانە و توانای شەڕکردن و بەڕێوەبردنی قەیرانەکانیان لەبەردەم پەرلەمانتارەکانی گۆڕان و ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکە هەبێت، بۆیە بەرهەم ساڵح پێناچێت زۆر بە سانایی بتوانێت حکومەت پێکبهێنێت، چونکە بەراستی رکابەرییەکان زۆرن، جگە لەوە ئەو مامەڵەکردنەی لیستی کوردستان و یەکێتی و پارتی لەگەڵ گۆڕان و بزوتنەوەکە و سەرانی ئەو لیستی و بە خائینکردن و نانبڕینی لایەنگرانیان وایکردووە گۆڕان بەنیاز نەبێت هاوبەشی یەکێتی و پارتی بکات لە رکابەرییەکانی پەرلەمانی بەغدا، بەپێی سەرچاوەیەك لە لیستی گۆڕان کە نەیویست ناوی ئاشکرابکرێت بە چرکەی راگەیاند «ئەگەر ئەو هەوڵە دوژمنکارانە و ئەو پەلاماردانە لەسەر یەك و زۆر سەخت و خەستانەی سەرانی لیستی کوردستانی نەبایە، هەڵبەت ئێستا گۆڕان هەڵوێستێکی دیکەی دەبوو، بە لام وەکو نانبڕینی لایەنگرانی گۆڕان و تەماشاکردنیان وەکو دوژمن گۆڕانی لە هاوبەشی کردن و دابەزینی لەگەڵ یەکێتی و پارتی بە یەك لیستی بە دوور دەزانێت تا ئەم کاتە، ئینجا گۆڕان لە دابەزین بە لیستێك کێشەیەکی نابێت»، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بۆ یەکەمین جار (نەوشیروان موستەفا) رۆژی دووشەممە(21/9) لە بەرنامەی (روو بەروو)ی کەناڵی (کەی ئێن ئێن) ئاشکرایکرد چەند مەرجێکیان هەیە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ یەکێتی و پارتی بۆ هەڵبژاردنەکانی بەغدا و بەشداریکردن بە لیستێك، لەمبارەیەوە گوتی «ئەگەر یەکێتی و پارتی واز



لـــە هەڵوێســـتە دوژمنكارانەكانیان بهێنن لـــە دژی گۆڕان ولایەنگرانـــی ئامادەین گفتوگۆبكەیـــن»، ئەگەر چـــی رەنگە ئەم هەڵوێســـتەی موســـتەفا درز بخاتە نێـــوان یەكێتی و پارتییـــەوە، بەتایبەت كە سەرباری رەخنە زۆرەكان هێشتا پارتی جار بەجار سیاســـەتی بەكێشـــمان لە بەرامبەر بە گـــۆڕان پەیـــڕەو دەكات، بەپێچەوانەی یەكێتـــی كـــە تادێـــت توندتـــر دەبێتەوە. لەگەڵ هەمموو ئەوانەشـــدا تەقینەوەكانی پارێزگای نەینەوا لـــە ناوچە كوردییەكان و بەردەوامبوونـــی لیســـتی حەدبـــا لـــە دژایەتكردنی كـــوردەكان بەتایبەت یەكێتی و پارتـــی و فەرامۆشـــكردنیان، جگە لە فشارەكانی بایدن بۆ سەر كورد بۆ ئاشتەوایی نیشتمانی و فەرامۆش نەكردنی مالیكی، هەمموو ئەمانە وێڕای چەندین مەســـەلەی دیكەی وەكـــو بەردەوامیی تۆپبارانەكان و ســـەرقاڵبوونی كورد بـــە هەڵبژاردنەكانی كەركوك و مـــاددەی (140) وایكردووە كـــوردەكان نەتوانن بە ئاســـانی بیر لە خۆ رێكسختنەوە بدەن، چونكە كێشەكان زۆرن، تەگەرەكان زۆرتر، ئەگەرچی زەحمەتە كورد بـــۆ هەڵبژاردنەكانی بەغدا بەیەك لیســـت بەشداری بكات و یەكخســـتنەوەی ماڵی كورد كە پێویستی بە كاتێكی زۆر دەبێت بە ئاسانی یەك ناخرێتەوە، چونكە ناكۆكییەكان قوڵن، رێگرییەكانیـــش زۆر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا هیچ ئەســـتەم نییە لایەنەكانی كورد بگەنە رێككەوتنێـــك بۆ دابەزین بە یەك لیســـت بەتایبەت پاش هەڵوێستەكانی لیســـتی گۆڕان كـــە ئێســـتا تۆپەكە لە مەیدان و بەرپێی لیســـتی كوردســـتانیە و نەوشـــیروان موســـتەفا و گرووپەكەی چاوەڕوانـــی وەڵامـــی كوردســـتانین.

گۆڕانئەزمونەكەی یەكگرتوودووبارەدەكاتەوە ئەگەرچی باجێكی قورسی دا كاتێك بڕیاری دا بەجیا لە لیستی هاوپەیمانی كوردستانی كە یەكێتی و پارتـــی دیارترین هێزەكانین،



یەکگرتووی ئیسلامی بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵی (2005) بە لیستی جیاواز دابەزی، بەڵام ئەمە بووە هۆی سوتاندنی بارەگاکانی ئەو حزبە لە چەندین ناوچەی کوردستان و بەتایبەت لە پارێزگای دهۆك و لە نێویشیاندا مەڵبەندی دهۆکی ئەو حزبە، کە لەو پەلامارانەدا چەند ئەندامێکی باڵای ئەو حزبە کوژران، پاش رێککەوتن لەگەڵ پارتی (6)ملیۆن دۆلار کێشەکانی ئەو دوو حزبەی یەکلایی کردەوە ئەگەر چی هێشتا پارتی نیوەی ئەو پارەی نەداوەتەوە بە یەکگرتوو، هەرچۆنێك بێت ئەوەی یەکگرتووی ئیسلامی کردی رچەشکاندن بوو لە دۆخی سیاسیی کورد و کوردستان، سەرباری ئەو تۆمەتانەی کە یەکێتی و پارتی بەشاندیانەوە لەوەی یەکگرتوو خائینە و دەستی عەرەبی و ئیسلامی و ئیخوانی لە پشتە، بۆیە ئەگەر چی یەکگرتوو قوربانی دا، بەڵام ئەمڕۆ گۆڕان بەهیچ شێوەیەك لە سوتاندنی بارەگاکانی و دووبارەکردنەوەی ئەو سیناریۆیە ناترسێت، لەبەر چەند هۆکارێك، یەکەمیان گۆڕان لە کوردستان بەتەنها دابەزی، دووەم گۆڕان لە یەکگرتوو بە جەماوەرترە، رەنگە یەکێتی و پارتی بە ئاسانی پێی نەوێرن، هەروەها لە سوتانی بارەگاکانی یەکگرتوو زیانێکی گەورە بە ناوبانگ و سومعەتی سیاسیی هەرێم گەیەنرا، یەکێتی و پارتی قەد ئامادەی دووبارەکردنەوەی ئەو سیناریۆیە نین، چونکە لەگەڵ گۆڕاندا تاڵانکردنی بارەگاکانیان کردەوە، بە لام قونسوڵخانەکانی دەرەوە لە هەولێر ئیدانەی ئەم کردەیەیان کرد، لە ئێستادا ئەگەر لەبەر چاوی دەرەوەش بێت یەکێتی و پارتی چیتر زەحمەتە پەنا ببنە بەر پەلاماردان.

سەرکەوتنی لیستی یەکگرتوو لە بەغدا لە هاوهەڵوێستی بوون لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستانی لە مەسەلە چارەنوسساز و گرنگەکان وایکرد گۆڕان بیر لەوە بکاتەوە ئەو ئەزمونەی یەکگرتوو دووبارە بکاتەوە و بێ ئەوەی هیچ ترسێکی هەبێت، بەردەوامیش سەرانی ئەم بزوتنەوەیە بوونی زیاتر لە لیستێکیان بە شتێکی ئاسایی زانیوە، لەمبارەیەوە جگە لە یەکێتی و پارتی چەند لایەنێکی دیکەش بیر لەوە دەکەنەوە بە تەنها دابەزن، یان بەجیا لە یەکێتی و پارتی لەوانە یەکگرتووی ئیسلامین لەمبارەیەوە (سامی ئەتروشی) لە لێدوانێکدا لەبارەی فرە لیستیی کورد رایگەیاند «هیچ مەترسییەك نییە لەسەر فرە لیستیی کورد، بە لام گرنگ یەك هەڵوێستییە«، بۆیە لەم قۆناغەدا ئەوەی بۆ کورد کێشە و مەترسییە فرە لیستی نییە، بەڵکو کێشە فرە دەنگی و فرە هەڵوێستییە بەتایبەت لەمەسەلە چارەنوسسازەکان، ئەو لێدوانەی نەوشێروان موستەفا بە ئامادەیی گفتوگۆکردن پێدەچێت دەرگایەك بۆ یەك لیستی بکاتەوە.

کەس راوێژ بە کورد ناکات و هاوپەیمانی لەگەڵ نابەسێت، کورد بەتەنها دەمێنێتەوە ئەگەرچی ئیئتیلافی یەکگرتووی شیعەکان و لیستی ئەلعیراقییەی سونەکان و تەنانەت حیزبی ئیسلامی و چەندین بەرە و لیستی دیکە لەبەریەك هەڵوەشانەوە و چەندین درز و جیابوونەوەیان تێدا دروستبوو، هەروەها چەند لیستێکی نوێ پێکهاتن، بەڵام هێشتا پێدەچێت خەمساردترین لیست هاوپەیمانی کوردستان و کورد بەگشتی بێت لە تەقەلاکردن بۆ بەستنی هاوپەیمانی و دروستکردنی لیست و قەوارە، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێکە بێگومان، یەکەم بەپێی زۆرینەی لێدوانەکانی بەرپرسانی لیستە عەرەبە سونە و شیعەکان کورد کێشەی زۆرە، داواکاریی زۆرە، بۆیە رێککەوتن لەگەڵی ئاسان نییە، بەتایبەت لە کێشەکانی کەرکوك و موسڵ و نەوت و غاز و بودجە و پێشمەرگە و هەموو ئەو مەسەلانە کە بەداخەوە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی نەیتوانیوە ئەو مەسەلانە یەکلای بکاتەوە و بەردەوام وەکو برینێکە نوێ بێتەوە، هەرکاتێك بەرپرسانی بەغدا بیانەوێ نوێی دەکەنەوە، سەرباری ئەوانەش کورد پاش تاقیکردنەوە و ئەزمونێکی تاڵ لەگەڵ لیست و قەوارەکانی عێراق، بە شیعە و سونەوە، بە چەپ و راستەوە، بە ئیسلامی و عەلمانییەوە تائێستا سەرکەوتوو نەبووە لە بەستنی هاوپەیمانێتییەکانی، کورد بەردەوام لاوازبووە، تاڵترین ئەزمونیشی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی بەسەربردووە، هەر لە حزبی دەعوە تا ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی تا حزبی ئیسلامی و ئەوانی دیکەش، بۆیە تاوەکو ئێستا کورد هەوڵی نزیکبوونەوەی راستەقینەی لەگەڵ هیچ لیستێکدا لەعێراق نەداوە و کەسیش ناوێرێت لە کورد نزیك ببێتەوەن بەهۆی ئەو مەسەلانەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکرد، بەپێی چاودێران باشترین هاوپەیمانی ئەوەیە کورد لەگەڵ لایەنە نێوخۆییەکانی خۆی بیکات، نەوەك دەرەوە، چونکە عەرەبەکانی عێراق بەردەوام کێشە بۆ کورد و هەرێمەکەی دروست دەکەن، لەبەر ئەوەشی کە کورد تاکە هەرێمی لە عێراق هەیە کێشەکان هەمووی بەرۆکی ئەم دەگرن، بەڵام ئەم هاوپەیمانێتییە پێناچێت ئاسان بێت، بەتایبەت ئەو مەرجانەی گۆڕان داوای بەدیهێنانیان لەیەکێتی و پارتی دەکات، دوور نییە درز بخاتە نێو یەکێتی و پارتی و ئاسانیش نییە یەکێتی بەتایبەت بەو مەرجانە رازی بێت کە بێگومان گرنگترینیان گەڕانەوەی نانبڕاوەکان دەبێت.

# یەکێتی و پارتی لای خەڵک گەورەتر دەبن ئەگەر بودجەکەی خۆیان بە شەفافانە ئاشکرابکەن



**د.ئەحمەد وەرتی سەرۆکی فراکسیۆنی بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان لەم دیمانەیەدا بۆ چرکە تیشکدەخاتە سەر کاری پەرلەمان و چۆنیەتی کارکردنی لیژنەی نەزاهەو ئاشکراکردنی سەروەت و سامانی بەرپرسان و چەندین تەوەرەی تر.**

**دیمانە:هەڤاڵ سەردار**

**چرکە: دەنگۆی ئەوە هەیە، کە بزوتنەوەی ئیسلامی بۆ سەرکەوتنی لە هەڵبژاردندا، لەلایەن پارتییەوە یارمەتی دراوە. ئایا ئەو دەنگۆیانە راستن؟**

د.ئەحمەد وەرتی: ئەوانە هەمووی بانگەشەی هەڵبژاردنن، بزوتنەوەی ئیسلامی بودجەی لە هەموو حزبەکانی تر کەمترە، لەکاتێکدا دەبێت بودجەی لە زۆربەی حزبەکانی تر زیاتربێت، بزوتنەوەی ئیسلامی لەماوەی پێنج ساڵدا لە ژێر گەمارۆی ئابووریدا دەیناڵاند، تا ئەو رۆژەی هەندێك ئینشقاقی تێکەوت، بزوتنەوە بودجە لە حکومەت وەردەگرێت، بودجەی لە پارتی وەرنەگرتووە، راستە بودجەی بزوتنەوە زیادکراوە، بەڵام لە مانگی شوباتی 2009وە زیادکراوە، نەك لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، ئێستاش بەهەموو ئەو زیادکردنەوەیە گەیشتۆتە بڕی 80 ملیۆن دینار لە مانگێکدا، ئەم بودجەیەش بە بەراورد لەگەڵ حزبەکانی تر زۆر کەمە، چونکە لەم هەڵبژاردنە قەبارەی بزوتنەوە دەرکەوت، ئەم قسانەش هەموو تەشهیرەو هیچ راست نییە.

**چرکە: لەم سێ دانیشتنەی پەرلەمان تێبینی چی دەکەیت؟**

د.ئەحمەد وەرتی: لەم دانیشتنانەدا گەرم و گوڕیەك لە ناو پەرلەماندا هەیە، ئەم بیروڕا جیاوازانەش لە ناو پەرلەمانتارانەدا شتێکی ئاساییە، لە هەموو دونیاشدا هەیە، هەرچەندە یەکەمجارە ئۆپۆزسیۆن لەناوپەرلەماندا هەبێت، بۆیە دەبێت حزبی دەسەڵاتدار خۆی لەگەڵ ئەو کەشە ڕابێنێت، کە ئۆپزسیۆن هەیە مامەڵەیەکی ئاسایی لەگەڵدا بکات، هەرچەندە دەبێت کاری ئۆپۆزسیۆن بە یاسا رێك بخرێت، ئومێد دەکەین پەرلەمان کارابێتن.

**چرکە: ئاماژەت بەکاری ئۆپۆزسیۆندا لە ناوپەرلمان. ئایا ئەو ئۆپۆزسیۆنەی ئێستاکە لەناوپەرلەماندا دەبینرێت، فعلن ئۆپۆزسیۆنی راستەقینەیەو لە خەمی خەڵك دایە. یاخود بۆ بەرژەوەندی خۆیان کار دەکەن؟**

د.ئەحمەد وەرتی: بەڵێ ئۆپۆزسیۆنە، بەڵام دەبێت ئۆپۆزسیۆنیش ئەرکو مافەکانی

## پەرلەمان مافی خۆیەتی جارێکی تر بە دەستووردا بچێتەوەو هەمواری بکات.

دیاری بکرێت، نابێت هەرشتێك لیستی دەسەڵاتدار بڵێت سپی، ئۆپۆزسیۆنیش بڵێت رەش، ئۆپۆزسیۆن هێشتا لە هەرێمی کوردستان ئەرك و مافی دیاری نەکراوە، نابێت ئۆپۆزسیۆن تەنها رەخنە بگرێت و بەچاوێکی سلبییەوە سەیری کارەکانی حکومەت بکات، ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ئەزموونی یەکتر قبوڵکردنامان نییە، پێویستە گشت پەرلەمانتاران لەم ماوەیەدا هاوکاری یەکتر بکەن.

چرکە: چاودێرنی سیاسی باس لەوەدەکەن، کە پەرلەمانی خولی دووەم لە هی ئێستا باشتر دەبێت، لەبەرئەوەی لەم خولەدا بیروبۆچوون و لیستی جیاواز هەیە، بەهۆی یەکتر قبوڵنەکردن، ناتوانن کارەکانی پەرلەمان هەڵسوڕێنن، ئایا پێتوایە بەهۆی ململانێیەوە بتوانەن خزمەتی خەڵك بکەن؟

د.ئەحمەد وەرتی: هێشتا زووە حوکم لەسەر کاری پەرلەمانی خولی سێیەم بدەین، بەڵام وا هەست دەکرێت کە ئەم خولەیە کاراتربێت، هەرچەندە لە خولی دووەمیش کاری باش کراوە، بەڵام لە ئەرکی لێپرسینەوەی حکومەتدا زۆر لاوازبووە، کە نەیانتوانییوە یەك وەزیریش بانگهێشتی پەرلەمان بکەن، چونکە یەکێك لە ئەرکەکانی پەرلەمان چاودێری حکومەتە کە نەیتوانیوە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، پەرلەمانی خولی دووەم تەنها لە دەرکردنی یاسا سەرکەوتوو بووە، نە لە پەسەندکردنی بودجەو نە لە لێپرسینەوەی حکومەت سەرکەوتوو نەبووە، ئەگەر پەرلەمان لەم سێ ئەرکەی هەیەتی سەرکەوتوو بوو، ئەوا بە پەرلەمانێکی سەرکەوتوو هژمار دەکرێت، بەتایبەتی لەم خولەدا لەبەر چەند هۆکارێك ئەگەری کاراتری هەیە، وەکو بوونی ئۆپۆزسیۆن و فرەلیستی و پەرلەمانتاری بە تواناتر هاتۆوە.

**چرکە: لە خولی دووەمی پەرلەمان ئێوە بەشدارنەبوون. ئێستا چەند یاسایەك پێشتر پەسەند کراوەو مشتومڕێکی زۆریشی لەسەرە. بەتایبەتی دەستووری هەرێم. ئایا ئێوە چ تێبینییەکتان لەسەر دەستووری هەرێم هەیە؟**

د.ئەحمەد وەرتی: ڕەشنووسی دەستووری هەرێم لە دوا ساتەکانی پەرلەمان پەسەندکرا، بواریش نەما بخرێتە ڕاپرسییەوە، بۆیە بۆ خولی سێیەمی پەرلەمان مایەوە، مافی پەرلەمانیشە جارێکی دیکە گفتوگۆی لەسەر بکات، تێبینیش لەسەر ڕەشنووسی دەستووری هەرێم هەیە، بەتایبەتی نەبوونی یەك دەنگی لەسەر دەستوور واتە دەستوورەکە کەموکوڕی هەیە، چونکە دەبێت دەستوور هەموو لایەنێك لەسەری کۆك بن، بۆیە پێمباشە کوتلەکانی پەرلەمان جارێکی تریش گفتوگۆی لەسەر بکەن و هەمواربکرێتەوە. لە دەستووردا تێکەڵاوییەك لەنێوان سیستەمی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی هەیە، سیستەمی سیاسی لە عێراق بەپێی دەستووری عێراق سیستەمی پەرلەمانییە، بۆیە دەبێت لە کوردستانیش سیستەمی پەرلەمانی بێت، دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمیش تێبینی لەسەر هەیە.

**چرکە: چاودێرنی ئابووری لەسەر یاسای خانەنشینکردنی پەرلەمانتاران نیگەرانن، کە پێیانوایە بودجەیەکی زۆری هەرێمی کوردستان کە ساڵانە بڕە پارەیەکی زۆر بۆ مووچەی پەرلەمانتارە خانەنشین کراوەکان دەچێت، ئایا ئێوە چ هەوڵێکتان داوە کە ئەو یاسایە هەمواربکرێتەوە و گۆڕانکاری تێدا بکەن؟**

د.ئەحمەد وەرتی: پێویستە یاساناسان و ئابووریناس قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەن، پێویستیشە ئەو یاسایە هەمواربکرێتەوە، هەروەها دەبێت بە یاسا مووچەکان لێك نزیك بکرێنەوە، نەك پەرلەمانتارو وەزیرەکان ئیمتیازێکی زۆریان هەبێت و فەرمانبەرانیش زۆر لە ژێر ئەو مووچەیەبن، ئەمەش بەهۆی سەقەتی سیستەمی سیاسی و دارایی دەگە ڕێتەوە، کە ئێستا لەشکرێك وەزیرو فەرمانبەری وەهمی مووچەیان دەردرێتێ، دوای ئەوەی پەرلەمان کەوتە سەر کاری خۆی داوای هەمواركردنی ئەو یاسایە دەکەین.

**چرکە: بوونی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان پێتوایە وەکو لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی عێراق کارا دەبێت و بەشێوەیەکی ئازادانە کارەکانی ڕادەپەڕێنێت؟**

د.ئەحمەد وەرتی: پێموانییە لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان وەکو پەرلەمانی عێراق کارابێت، بە حوکمی بارودۆخی کوردستان و ئەو کەش و هەوا حزبییەی لە کوردستاندا هەیە، بڕواناکەم لیژنەی نەزاهەی کوردستان ئازاد بێت، چونکە هێشتا هەیمەنەی حزبی بەسەر دام و دەزگاکانی حکومەتدا هەیە، هەرچەندە دروستکردنی لیژنەی نەزاهە بە کارێکی باشی دەزانم، ئەگەر بکرێت دەستەیەکی نەزاهەش لە دەرەوەی دەستتێوەردانی حزبی دروستبکرێت، دەبێت ئەرك و کارەکانی لیژنەی نەزاهە دیاریبکرێت، کە دەسەڵاتی چەندەو دەتوانێ لێپێچینەوە لەگەڵ بەرزترین پۆستی حکومەتدا بکات، هەروەها دەبێت دادپەروەری و بێلایانانە و بێ ڕچاوی حزبی کارەکانیان ئەنجام بدەن، ئێستا لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی عێراق زۆر کارایە کە فایلی گەندەڵکاری حکومەتی عێراق دەردەخات، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان ئەزموونێکی زیاتری لە حکومەتی عێراق هەیە، نابێت لیژنەی نەزاهە چاوپۆشی لە هەر وەزیرێك یاخود بەرپرسێك بکات کە گەندەڵی لە وڵاتەکەی کردووە.

**چرکە: ئەگەر پەرلەرلەمانی کوردستان وەزیری بانگهێشتی پەرلەمان کرد، پێتوانییە وەکو پەرلەمانی عێراق ململانێو دووبەرەکی لە نێوان کوتلە سیاسیەکانی پەرلەماندا دروست دەبێت؟**

د.ئەحمەد وەرتی: ئەگەر حزبە گەورەکان بەرگری لە وەزیرەکان نەکەن، کێشە دروست نابێت، بەڵام بانگهێشتەکەش بۆ ڕووخاندی حزبێك نەبێت، ئەگەر دیاردەی حزب حزبێنە پەیڕەو نەکەن، ئەوا زۆر ئاساییە، وەزیرێك بانگهێشتی پەرلەمان بکەن، هەموو حزبەکانیش لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بەڵێنی نەهێشتنی گەندەڵیان داوە.

**چرکە: لیستی ئۆپۆزسیۆن بەرامبەر لیستی دەسەڵات کەمینەیە، واتە بەرەی ئۆپۆزسیۆن ناتوانێت ئەو بەڵێنانەی بە خەڵکی داوە، بەجێبگەیەنێت، ئایا ئێوە پاڵپشتی ئۆپۆزسیۆن دەکەن؟**

د.ئەحمەد وەرتی: مەرج نییە ئەو پرسانەی کە لە بەرژەوەندی خەڵکدایە تەنها بەرەی ئۆپۆزسیۆن بەرگری لێبکات، پێویستە گشت پەرلەمانتاران بەرگری لەبەرژەوەندی گشتی خەڵك بکەن، ئەگەر وەزیرێك یاخود بەرپرسێك گەندەڵ بوو، لیستی دەسەڵات ڕێگری لەبەردەم دادگایی کردنی گەندەڵکاران کرد، ئەوا خۆی زەلەرمەند دەبێت، جارێکی تر خەڵك دەنگی پێنادات، بەڵام بڕواشناکەم لیستی دەسەڵات بەرگری لە گەندەڵکاران بکات.

**چرکە: ئایا ئەگەر لە پەرلەمان داوایان لێکردی بودجەو سەروەت و سامانی خۆت وحزبەکەت ئاشکرابکەیت، ئامادەن بە ڕاشکاوانە دەریبخەن؟**

د.ئەحمەد وەرتی: ئێمە وەکو فراکسیۆنی بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان ئامادەین سەروەت و سامانی خۆمان بۆ خەڵکی کوردستان لەبەردەم دادگاو پەرلەمان ئاشکرای بکەین، وەکو حزبیش ئامادەین



# ئێمە ئامادەین سەروەت و سامانی خۆمان بۆ خەڵکی کوردستان لەبەردەم دادگاو پەرلەماندا ئاشکرا بکەین

ئاشکرا بکەین، ئەگەر نوێنەرێکی خەڵك لە پەرلەماندا نەزانێت داهاتی و بودجەی چەندە و ئاشکرای نەکات، چۆن دەتوانێت ببێتە نوێنەری خەڵك، ئەندامی پەرلەمان کە نوێنەرایەتی خەڵك دەکات ئەو بەڵێنەی بە خەڵکی داوە بە جێنەگەیەنێت، واتە ناتوانن ببنە نوێنەری خەڵك. وەکو ئەندامێکی پەرلەمان داوا لە گشت پەرلەمانتاران و حزبەکان بە پارتی و یەکێتییەوەش دەکەم، بودجەکانی خۆیان بۆ میللەت ئاشکرابکەن و چۆن خەرجیشی دەکەن، کە شەفافییەتی تەواو لە بودجەی حزبەکاندا هەبێت و یاسای حزبەکانیش لە پەرلەماندا دەربچێت، یەکێتی و پارتی لای خەڵك گەورەتر دەبن ئەگەر بودجەکەی خۆیان بە شەفافانە ئاشکرابکەن، نەك بەو لێلییەی بمێنێتەوە کە هەر کەسێك تەفسیراتێکی بۆ دەکات، گوایە بودجەیەکی زۆری حکومەت بۆخۆیان دەبەن.

**چرکە: بۆچی بڕیاری کۆتاییتان نەداوە کە بەشداری لە حکومەتدا دەکەن، یاخود لە بەرەی ئۆپۆزسیۆن دەمێننەوە؟**

د.ئەحمەد وەرتی: هێشتا بڕیاری کۆتاییمان نەداوە، هەر دوو بۆچوون هەیە لە نێوان ئەندامانماندا، تا ئێستاش لەلایەن لیستی کوردستانییەوە بۆ پێکهێنانی حکومەت بانگهێشتنەکراوین، زۆرینەی ئەندامانی ئێمە پێیانباشە بەشداری لە پێکهێنانی حکومەتدا بکەین، بەڵام مەرجییان هەیە، کە فعلن بەشدار پێبکرێین نەك هەر بەشدارپێکردنێکی وەهمی بێت، واتە هاوبەش بین و لە بڕیاری سیاسیشدا هاوبەش بین.

چرکە: ئایا بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا دەکەن؟

د.ئەحمەد وەرتی:بەڵێ بەشداری دەکەین، بەڵام چۆنیەتی بەشداری پێکردنەکە دیار نییە، کە بەتەنیا لیستێك دروست دەکەین، یاخود هاوپەیمانی دروست دەکەین.

# ئەوەی عوسمان ئۆجەلان بەنیازە کە بگەڕێتەوە تورکیا و حزبێکی نوێ دابمەزرێنێت خەونەو نایێتەدی



**د.فایق گوڵپی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان لەم دیمانەیەدا بۆ چرکە تیشکدەخاتە سەر بیرۆکەی ئەردۆگان بۆ چارەسەری پرسی کوردو رۆڵی حکومەتی هەرێم لەم پرسەیەداو چەندین تەوەرەی تر.**

**دیمانە:علی**

د.فایق گوڵپی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان لەم دیمانەیەدا بۆ چرکە تیشکدەخاتە سەر بیرۆکەی ئەردۆگان بۆ چارەسەری پرسی کوردو رۆڵی حکومەتی هەرێم لەم پرسەیەداو چەندین تەوەرەی تر.

**چرکە: ئایا ئەوەی ئەردۆگان دەیکات، هیچ مەبەستێکی دیکەی لە پشتەوەیە هەیە، یاخود مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کوردە؟**

د.فایق گوڵپی: لە دروستبوونی وڵاتی تورکیاوە تا بەر لە چەند مانگێک، بەهیچ شێوەیەك دانی بە بوونی کێشەی نەتەوەیی هیچ میللەتێك لە تورکیادا نەداوە، خەباتی سیاسی کورد لە تورکیاو گۆڕانکاری لە سیستەمی سیاسی جیهاندا، وایکردووە پارتی دادوگەشەپیدان هەست بەوە بکات کە چارەنووسی تورکیا لە جیهاندا و پێگەی وڵاتی تورکیا پەیوەندارە بە گۆڕانکاری سیستەمی سیاسی ئەو وڵاتە، یەکێك لە پرسە سەرەکیەکانیش کە دەبێت دان بە فرە نەتەوەیی و فرە رەنگی تورکیادا بنێت، لەپێش هەموویانەوە کێشەی کوردە کە دەبێت چارەسەر ببێت، ئەوەی تا ئێستا ئەوردۆگان کردوویەتی تەنها بیرۆکەیە، بەڵام ئەوە یەکەمجارە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە لە تورکیا دان بە کێشەی کورد دەنێن و هەوڵی چارەسەریشی بۆ دەدات، ئەوە وەکو هەڵوێستێك خراپ نییە، بەڵام پێویستە ئەو بیرۆکانە ببنە بڕیارو کاری لەسەر بکرێت، بەڵام ئەم هەوڵانەی ئەردۆگان دەردەکەوێت کە مەبەستی چی بوو، ئەردۆگان بڕوای بەوە هەیە، کە کورد دەسەڵاتێکی سنوورداری هەبێت، لە رێگەی کۆمەڵە خەڵکێك چارەسەری بکات، کە سەربەخۆبن، نەك لەگەڵ ئەوانەی کە نوێنەرایەتی کورد دەکەن، لەوانەیە ئەردۆگان پەکەکەو ئۆجەلانی بۆ دیالۆگ پێباش نەبێت، بەڵکو هەوڵبدات لە رێگەی هەندێك کەسایەتی خۆیانەوە ئەو پرسەیە یەکلایی بکاتەوە، ئەگەر بەو ئاراستەیە سیاسەتەکەی بڕوات، ئەوا کێشەکە چارەسەر ناکات، بەڵکو مەبەستی فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆیەتی لە باکووری کوردستاندا.

**چرکە: بۆچی نەخشە رێگاکەی ئۆجەلان لە تورکیا تائێستا بڵاونەبۆتەوە.پێتوانییەئەونەخشە رێگایە نابێتە هۆی چارەسەرکردنی پرسی کورد، لەبەرئەوەی ئۆجەلان لە ژێر فشاری تورکیادایە؟**

# تورکیا نییەتی خراپەو نایەوێت بە نەخشەرێگاکەی ئۆجەلان کێشەی کورد چارەسەر بکات

د.فایق گوڵپی: مانگێك زیاترە نەخشە رێگاکەی ئۆجەلان لە تورکیادا دەستی بەسەردا گیراوە، وڵاتی تورکیا ئەو نەخشە رێگایەی بە رای گشتی و توێژەرانی سیاسی نەداوە، ئەمەش مانای ئەوەیە تورکیا نییەتی خراپەو نایەوێت بە نەخشەرێگاکەی ئۆجەلان کێشەی کورد چارەسەر بکات، بەڵکو دەیەوێت بە نەخشە رێگاکەی خۆی کێشەکە چارەسەر بکات، تا ئێستاش ئەو نەخشە رێگایە نازانین چی تێدایە تابتوانین قسەی لەسەر بکەین، بەڵام ئەوەی لە نەخشە رێگاکە تێبینی دەکرێت، باس لە دیموکراتیزەکردنی تورکیا دەکات، مەبەستیشی دەستەبەرکردنی مافی ئازادی پێکهاتەکان دەکات، هەروەها داوادەکات لە تورکیا یەکسانی نەتەوەیی هەبێت، دەسەڵاتەکانی تورکیا تا ئێستا بڕوایان بە دیموکراتیزەکردنی تورکیا نییە.

**چرکە: تورکیا هەندێك هەنگاوی سەرەتایی ناوە وەکو کردنەوەی کەناڵ بەزمانی کوردی و قوتابخانەی کوردی، ئایا ئەم هەنگاوە سەرەتاییانە دەبێتە چارەسەرێکی تەواوی پرسەکە؟**

د.فایق گوڵپی: ئەوەی ئەردۆگان باس دەکات تەنها بیرو بۆچوونێکە، ئەو بیرو بۆچوونانەش دەبێت بکرێتە کارنامەو دەستووری، کردنەوەی کەناڵ بە زمانی کوردی و قوتابخانەی کوردی بۆ هەنگاوی یەکەم باشە، بەڵام هەموو پێویستییەکان تێر ناکات، بەڵکو دەبێت ئەم هەنگاوانە بکرێنە بڕیاری سیاسی و کاری تەواوی پێبکرێت، ئینجا دەتوانین بڵێین کێشەی کورد چارەسەر دەکرێت، ئەگەر تورکیا بیەوێت ببێتە ئەندامی لە یەکێتی ئەوروپا پێویستە گشت خەسڵەتی وڵاتانی ئەوروپای تێدابێت، تورکیا تا لەدەستووردا گۆڕانکاری لەسەر ئەو مادەیە نەکات کە لە تورکیا تەنها یەك نەتەوەو ویەك ئاڵا هەیە، کێشەی کورد چارەسەر نابێت.

**چرکە: ئایا ئەردۆگان دەتوانێت بۆ چارەسەری پرسی کورد بەسەر جەهەپەو مەهەپەدا زاڵ بێت، کە دوو حزبی رەگەزپەرستین؟**

د.فایق گوڵپی: بەرلەوەی ئەردۆگان پرسی کورد باس بکات، یان هەوڵ بدات بۆ

چارەسەرکردنی، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی 2007تدا سەرکەوتنێکی باشی بەسەر جەهەپەو مەهەپەدا بەدەست هێنا، ئەگەر ئەمجارەش پرسی کورد چارەسەر بکات، ئەوا لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیش سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەگەیەنێت و کوردیش بەتەواوی پشتگیری دەکات، بۆیە ئەگەر جەهەپەو مەهەپە لەسەر ئەو سیاسەتەی خۆیان بەردەوام بێت، کە لەگەڵ سیاسەتی سەردەمانەی جیهاندا ناگونجێت، دەبێت ئەوان پاشەکشە بکەن و ئەردۆگان سەرکەوێت.

**چرکە: تورکیا بۆ چارەسەوری پرسی کورد تەنها دەبێت لەگەڵ پەکەکە رێکبکەوێت. واتە لەدەرەوەی پەکەکە پرسی کورد لە تورکیا چارەسەر نابێت؟**

د.فایق گوڵپی: تورکیا هەر دەبێت لەگەڵ پەکەکە گفتوگۆ بکات، بەڵام جۆری چارەسەرەکییەکە دەبێت لەگەڵ هەموو کوردێکدا بێت، هەر لایەنێك و حزبێك جەماوەری هەبێت، دەبێت تورکیا گفتوگۆی لەگەڵدا بکات، لەوانەیە حکومەتی تورکیا لە قۆناغەکانی کۆتاییەدا لەگەڵ ئەو لایەنە دیالۆگ بۆ چارەسەری پرسی کورد بکات، کە خاوەن پێگەی جەماوەرییە.

**چرکە: بەڵام چاودێرنی سیاسی سیاسەتی پەکەکە بە ئاستەم دەزانن بۆ چارەسەری پرسی کورد. بۆیە پێیانوایە تورکیا پێویستە لەگەڵ لایەنێکی دیکە دیالۆگ بکات؟**

د.فایق گوڵپی: راستە پەکەکە هێزێکی سەربازییە، بەڵام پەیوەندی پەکەکە و دەتەپە لە ئاستێکی باشدایە، پەکەکە بەناچاری پەنای بردۆتە بەر خەباتی چەکداری،چەند جار داوای چارەسەری پرسی کوردی بە شێوەیەکی ئاشتیانە کردووە، چەندین جار ئاگربەستی راگەیاندووە، زەحمەتە هێزێکی تر لە بری پەکەکە بۆ دیالۆگ کردن لەگەڵ تورکیا دروست بکرێت.

**چرکە: عوسمان ئۆجەلان پێیوایە تا پەکەکە گۆڕانکاری لە سیستەمی ناوەخۆی حزبەکەدا نەکات. تورکیا ئامادەنییە دیالۆگ لەگەڵ پەکەکەدا بکات. ئایا پێویستە پەکەکە سیاسەتی خۆی بۆ چارەسەری پرسی کورد بگۆڕێت؟**

د.فایق گوڵپی: لەگەڵ بۆچوونەکانی عوسمان ئۆجەلاندا نیم، عوسمان خۆی بەنیازە بگەڕێتەوە تورکیا و حزبێکی نوێ دابمەزرێنێت، تورکیا لە رێگەی ئەوەوە کێشەی کورد چارەسەر بکات، بەراستی ئەوەی عوسمان ئۆجەلان بە نیازیتی خەونەو نایێتەدی، چونکە خەڵکی لەگەڵدانییە، خەڵك لەگەڵ پەکەکەدایە، پەکەکەش ئێستا گۆڕانکاری لە سیستەمی سیاسی خۆیدا کردووە، ئەوانەی عوسمان باسی دەکات لە ناو پەکەکەدا کەمینەن و قسەکانی عوسمان بە راست نازانم، عوسمان ئۆجەلان کە لە ساڵی 2004ەوە کە پەکەکەی جێهێشت، لەگەڵ ئەمریکاو پارتی و یەکێتی گفتوگۆی بۆ دروستکردنی هێزێك دەکرد، بەڵام نەیتوانی، چونکە جەماوەری نەبوو، بۆیە عوسمان ئۆجەلان بگەڕێتەوە تورکیا زەحمەتە رێکخستنێکی سیاسی دروست بکات و تورکیا لە رێگەی ئەو کێشەی کورد چارەسەر بکات.

**چرکە: بەهۆی هاتنی شاندی دەتەپە بۆ هەرێمی کوردستان. پێتوایە سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت رۆڵێکی کاریگەر لە چارەسەری پرسی کورد لە تورکیادا ببینێت؟**

د.فایق گوڵپی: دەتەپە بڕوای تەواوی بە یەکگرتنی کورد هەیە، بۆیە بەردەوام هەوڵدەدات بە یەکگرتوویی چارەسەری کێشەکان بکەن، ئەم سەردانەی ئێستا بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لەگەڵ بەرپرسەکانی کوردستان دیالۆگ بکەن و چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزنەوە، چەندین کەناڵی پەیوەندی لەنێوان هەرێم و ئەنقەرە هەیە، بۆیە دەیانەوێت لە رێگەی ئەو کەناڵانەوە زیاتر گرنگی بە پرسی کورد بدەن.

**چرکە:ئایا ئەگەر هەرێمی کوردستان پرۆژەیەکی بۆ چارەسەری پرسی کورد پێشکەش کرد. پێتوایە لایەنگری پەکەکە یاخود تورکیا بکات؟**

د.فایق گوڵپی: قۆناغەکانی پێشوو کە ناکۆکی لەنێوان تورکیا و پەکەکە هەبوو، زۆربەی کات هەرێمی کوردستان لایەنگری تورکیای دەکرد، بەداخەوە ئەو قۆناغە بەسەرچوو، بەڵام پێموانییە ئێستا لایەنگری تورکیا بکەن، بەڵکو لایەنگری پەکەکە دەکەن، لەوانەیە ئێستا بەمشێوەیە هەرێم پێویستی بە تورکیا نەبێت، بۆیە دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان زیاتر هاوکاری پەکەکە دەبن.

**چرکە: باس لەوەدەکرێت هاتنی شاندی دەتەپە پەیوەندی بە بەستنی کۆنگرەی کوردە لە هەر چوار پارچەی کوردستان هەیە. پێتوایە ئەگەر ئەم کۆنگرەیە بەسترا. پەکەکە ئامادەبێت؟**

د.فایق گوڵپی: سەرەتا زۆربەی حزبەکانی تری پارچەکانی کوردستان داوایان کرد، لە لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەکە پێویستە نوێنەری گشت پارت و لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی تێدابێت، تورکیاش زۆر تەداخولی لەو کۆنگرەیە دەکرد، کە داوای دەکرد پەکەکەی تێدانەبێت، بەهۆی سەرقاڵی هەرێمی کوردستانیش زەحمەتە ئەو کۆنگرەیە ببەسترێت.



# قادر عەزیز راسپاردەی مام جلال بوو بۆ لاوا

لە هەڵبژاردنەکانی چوار ساڵ لەمەوبەر یەکگرتوو سـێیەم هێزی کوردستان بوو، یەکگرتوو هەر لەوکاتییەوە تائێستا زۆر لاف و گەزی بەسەر لایەنگرانی خۆی و حزبەکانی تری لێدەدا، ئەم لە خۆباییبوونەی حزبـی یەکگرتووی ئیسـلامی وایلێکرد بەتەنیا بەشـداری لـە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانـی عێـراق بکات، بـەڵام ئەم هەڵبژاردنەی پەرلەمانی عێراقی سـاڵی 2005 لە ئەدایەکەی لەخۆباییبوونەوە یەکگرتووی بەرەو دۆڕانـدن برد، جگە لەوەش حزبێك لە سەرەتای دروستبوونیەوە بانگەشـەی دینداری دەکـرد، بەڵام بۆ لایەنگـرو هەوادارانی خـۆی دەرکەوت کە حزبی یەکگرتـوو ئەوەندەی خەریکی پارەو مەنسـەب بووە، ئەوەندە خەریکی دینداری نەبووە. لەم هەڵبژاردنەدا لەگەڵ دوو حزبی عەڵمانی هاوپەیمانی بەسـت بە خەیاڵی سـەرکەوتن، بەڵام خەونەکەی نەهاتە دی و بەڵکو بەرەو دۆڕاندنی برد،



# ...ز کردنی یەکگرتوو

**راپۆرتی شیکاری: چرکە**

یەکگرتوو هەستی بەخۆییکرد کە لە ژێر پەردەی دینەوە دەنگ ناهێنێت، بۆیە بە مەبەستی چاکساز لە حکومەتدا پەنای بۆ حزبە عەڵمانییەکان برد، وا تێگەیشت خەڵکی عامیش هەڵدەخەڵەتێنێت، نەیزانی هەڵیانخەڵتاندووە، من لێرەوە لە یەکگرتوو دەپرسم ئایا هەستان بەوە نەکرد، کە ئایدلۆژیا خەڵك کۆدەکاتەوەو حزب و هاوپەیمانی پێکدەهێنێت نەك مەنسەب و دەسەڵات بۆ هاوپەیمانی بێت، ئایا یەکگرتوو هەستی بەوەنەکرد سیناریۆیە بەرامبەری دەکرێت، ئایا یەکگرتوو تێنەگەیشت بۆچی دەنگی نەهێناوە، ئەگەر حزبێکی وەکو یەکگرتوو کە درێژکراوەی ئیخوان موسلمینەو وا بەئاسانی لە خشتەی ببەن، واتە ئیسلامی سیاسی باوی نەماوە، دەبێت گۆڕانکاری لە ئایدلۆژیای خۆیاندا بکەن. لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی ئاشکرایە لە کاردانەوەی حزبەکانی دەسەڵات دروست بوو، کە هەر لە

سەرەتای بانگەشەی هەڵبژاردنەوە تا بەر لە چەند هەفتەیەکیش کاریان بۆ ئۆپۆزسیۆن دەکرد، بەڵام نە من و نە خەڵکیش نازانێت بۆچی هەڵوێستی حزبەکانی ناو ئەم لیستەوە جگە لە یەکگرتوو بۆچی گۆڕا، هەرچەندە ئێستاکە حزبی یەکگرتووش ئەگەر لە شەرمی خۆی نەبێت بەر لە قادر عزیز بەشداربوونی لە حکومەتدا رادەگەیەنێت، ئەگەر یەکگرتوو نەبوایە نە سۆسیالیست دوو کورسی دەهێناو نە زەحمەتکێشان یەك کورسی لە پەرلەمان بەدەست دەهێنا، دڵنیام ئەگەر یەکگرتوو بە تەنیا یاخود بەرەیەکی ئیسلامیان دروست کردبایە دەنگێکی زیاتریان بە دەست دەهێنا، بێهێزترین حزبی ئەم لیستەیەش لەبەر چەند بەرژەوەندییەکی کەسی، سکرتێری حزبەکە لیستەکەی بەرەو هەڵوەشانەوەو دۆڕاندن برد، چاودێرانی سیاسی پێیانوایە جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراق قادری عەزیزی بەر لە دروستبوونی لیستەکە بۆ ئەو پیلانگێڕییەی ئێستا کە دەبینین ئامادەی کردبوو بۆ ناو ئەم لیستەی ڕەوانەکردبوو، ئینشقاقی زەحمەتکێشان هۆکارێك بووە کە حزبەکانی تری لیستەکە بەزەییان بە قادر عزیز بێت و بیخەنە نێو لیستەکە ئێستاکەش لێك نزیك کردنەوەی باڵەکەی قادر عزیزو بەڵین عەبدوڵلا یەکێکە لە بەڵێنەکانی جەلال تاڵەبانی بۆ ئەوەی قادر عزیز بەشداری لە پێکهێنانی حکومەتدا بکات.

سەرچاوەیەك لە مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی بە چرکەی راگەیاند ئێمە لەسەرەتا تێگەیشتین کە تێوەگلانی ئیسلامی و عەلمانی هەڵەیە، بەڵام کار لە کار ترازا، هەرچەندە قەد نەماندەزانی ئەو حزبە عەلمانیانە ئەوەندە بێ ویژدانن و لە پیلانگێڕییەوە لەگەڵ ئێمە هاوپەیمانیان بەستووە، سەرکردایەتی یەکگرتوو هەر لە سەرەتا بانگەشەو هاوپەیمانی بە هەڵەدا چبوو، بۆیە دڵنیاشم هەمان سیناریۆی یەکێتی و نەوشیروان لەناو یەکگرتوودا دووبارە دەبێتەوە، گوتیشی» بەڵگەش بۆ ئەمە، دروستبوونی ڕەوتی گەشە لەناو یەکگرتوو و دەست لەکارکێشانەوەی عەبدوڵرەحمان سدیق ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت. کێشەکە لەوەدایە ئەگەر یەکگرتوو بچێتە بەرەی ئۆپۆزسیۆنەوەش ناچارە ملکەچی گۆڕان بێت، هەرچەندە ئایدلۆژیای گۆڕان و یەکگرتووش جیاوازە، واتە هەمان سیناریۆی لیستەکەی بۆ دێتەوە پێش، واتە ئەزموونی ئۆپۆزسیۆنیش بۆ یەکگرتوو داد نادات، باشترین ڕێگە بۆ یەکگرتوو ئەوەیە لەگەڵ لیستەکەی خۆی بەشداری لە پێکهێنانی حکومەتدا بکات و دووبارە بکەوێتە ژێر پێی حزبی دەسەلاتدارەوە.



## هۆشیار زێباری:

# بڕیاربوو دوو دەروازەی نوێ لەنێوان عێراق و تورکیا بکرێنەوە، بەڵام تورکیا مەسەلەکەی دواخستوو

ئا: چرا



لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ سایتی (ئەخبارولعالەم)ی تورکی، هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراقی فیدراڵ ئاماژە بۆ ناکۆکییەکان لەگەڵ سوریا و پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا و مەسەلەی ئاو و تەکەتولاتە هەرێمییەکان و چەند مەسەلەیەکی پەیوەست دەکات، ئەمەی خوارەوە دەقی چاوپێکەوتنەکەیە.

فورقان تورلارک: گرنگیی ئەنجومەنی باڵای هاریکاریی ستراتیژی تورکیا-عێراق لە چیدایە، بەتایبەت ئاشکرایە کە دوو کوتلە لە ناوچەکە هەیە یەکێکیان لەلایەن ئێرانەوە بەڕێوەدەبرێت، ئەوی دیکەش لەلایەن سعودیە و میسرەوە، ئایا عێراق دەیەوێت لەم ئاڕاستە نوێیە بەرەو یەکێتی ئەوروپا بکرێتەوە و لە ناکۆکییە هەرێمایەتییەکان دووربکەوێتەوە.؟

هۆشیار زێباری: ئێمە سەر بە هیچ تەکەتولێك نین، بەرژەوەندییەکانمان ئەوەیە ئەنجومەنی هاریکاریی ستراتیژی ئەکتیڤ بکەیت، چونکە پەیوەندییەکی سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بازرگانی و ئاوی و جوگرافی و کلتوری لە نێوان هەریەك لە عێراق و تورکیا هەیە، ئێمە دراوسێین و پێویستە پێکەوە بژیین و هاریکاری یەکتر بین و دراوسێی پۆزەتیڤ بین، گرنگیی ئەم ئەنجومەنە ئەوەیە هاوبەشایەتییەکی ئابووریی دوور مەودا لە نێوان ئێمە و تورکیا دروست دەکات، ئێمە سەرچاوە و

کانزامان هەیە، تورکیا پسپۆڕیی دەستی کار و شتی دیکەی هەیە، ئێمە پێمان وایە ئاسۆیەکی باش بۆ ئەم ئەنجومەنە هەیە، ئەمەش لەڕێگەی سەردانەکەی مانگی داهاتووی سەرۆك وەزیرانی تورکیا بۆ بەغدا، کە هەنگاوێکی دەستپێکە بۆ نانی هەنگاوی کردەی بۆ ئەکتیڤکردن و جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامە و یاداشتنامەکانی لێکترتێگەیشتن کە زیاتر لە چل ڕێککەوتننامە و یاداشتی لێکترتێگەیشتنە و لە بوارەکانی بەرنگاربونەوەی تیرۆر و ئاو و ئاوەدانکردنەوە و بازرگانی و کشتوکاڵ و تەندروستی و نەوت و غازدا.

فورقان تورلارك: واتە ئێوە پێتان وایە کە بژاردەی سێهەم هەیە کە بەردەوامبوون و دیالۆگ و لێکترتێگەیشتنە، نەوەك ناکۆکی و پەنابردن بۆ تەکەتولاتەکانی ناوچەگە.؟

هۆشیار زێباری: نا نا، بە دڵنیاییەوە ئێمە لە ڕاستیدا ئامادەین بچینە نێو هەر تەکەتولاتێك، ئێمە ئەندامی کۆمکاری وڵاتە عەرەبییەکان و ڕێکخراوی وڵاتە ئیسلامییەکانین، پەیوەندییەکانمان لەگەڵ دراوسێکانی عێراق وەکو تورکیا باشە، لەگەڵ ئێران و وڵاتە عەرەبییەکانیشدا، ئێمە نامانەوێ لەڕێگەی ئەو ئەنجومەنەمانەوە دژایەتی تەکەتولێکی دیکە بکەین، بەڵکو پێمان وایە تۆڕێك لە بەرژەوەندییە ئابورییەکان لەگەڵ تورکیا دەمانبەسێتەوە، کە هێشتا وەکو پێویست سوودمان لێ وەرنەگرتووە، بۆ نمونە تورکیا گەورەترین هاوبەشی بازرگانیی عێراقە لە ئێستادا، ئاڵۆگۆڕی بازرگانی گەیشتووەتە سەرووی حەوت ملیار دۆلار، ئێمە دەمانەوێ بیگەیەنینە بیست ملیارد دۆلار لە ساڵانی داهاتوو، ئەمەش پێویستی بە میکانیزمی کار و ڕێکخستن و ئەکتیڤکردنی هاوبەشەکیی ئابووری هەیە.

فورقان تورلارك: مەسەلەی ئاو لە ئارادایە و ئێوە دەگە ڕێنەوە وڵاتەکەتان و ئەنجامی باشتان لەمبوارەدا بەدەست هێناوە، ئاوی فورات هەیە و تورکیا بەنداوی لەسەر دروست دەکات، بۆیە توانرا پشکەکەتان زیاد بکرێت، بەڵام لەسەر ئاوی دیجلە بەنداو نییە، ئێوە چۆن دەڕواننە بونیادنانی بەنداو لەسەر و بەگشتی لە مەسەلەی ئاو بەکوێ گەیشتن.؟

هۆشیار زێباری: بەڵێ کەمییەکی ئاو هەیە، بەگشتیی لە ناوچەکەش وشکەساڵی هەیە، هاوکات قەیرانێکی ڕاستەقینەی ئاو لە عێراقدا هەیە، قەیرانی ژینگەیی بەهۆی کەمبوونەوەی ئاستەکانی ئاوی فورات و چۆنێتی گەیشتنی بە ئێمە هەیە، بۆیە گرنگترینی گفتوگۆکانمان لەمبوارەدایە، واتە لە بواری ئاودایە، ڕەنگە بۆ تورکیا مەسەلەی ئاسایش گرنگترین کێشەبێت، بەڵام ئێمە لە عێراق ئاو لە هەموو مەسەلەیەکی دیکە بە گرنگی دەزانین، هەر بۆیەش داوامان لە تورکیا کرد لەمە بگات و پشکی ئاو بەرداتەوە، ئەم ڕێژەیە دەگۆڕێت، بەڵام لە چەند ڕۆژی ڕابردوو بە ڕێککەوتن کە بڕی (550) مەتر سێ جار لە چرکەیەکدا ئاو بەربدرێتەوە، پێشمان وایە ئەمە پێویستیەکانی کشتوکاڵ و خواردنەوە و وزە پڕدەکاتەوە.

فورقان تورلارك: لە مەسەلەی ئاسایشدا ئاماژەتان بۆ ئەوە کرد کە بۆ تورکیا گرنگترینە، لەم بوارەدا لەگەڵ تورکیا بەکوێ گەیشتن.؟

گفتوگۆمان لەگەڵ لایەنی تورکی لەم بوارەدا کرد، دوو یاداشتنامە لە نێوان وەزیری ناوخۆ و ئاسایشی نیشتمانی لەگەڵ لایەنی تورکیدا مۆرکراون، لێژنەیەکی سێ قۆڵی تورکی، عێراقی، ئەمریکی هەیە لە شێوازەکانی هەماهەنگیکردن لە نێوان هەڵوێستی وڵاتەکان و گرتنە بەری ڕێ وشوێنی پێویست لە دژی گرووپەکان و چەکدارەکانی پەکەکە و کردە تیرۆریستییەکان دەکۆڵێتەوە، لە ئێستادا نوسینگەیەك بۆ ئەم لێژنە سێ قۆڵییە لە هەولێر هەیە و کار و هەماهەنگی لەم مەسەلانە دەکات، بەدرێژەی باسی مەسەلەی ئەمنیمان لەگەڵ تورکیا کردووە، بەڵام بیرمان نەچێت کە بەشێکی زۆری کێشەکە لە تورکیایە، بۆیە ئێمە وەکو حکومەتی عێراق پاڵپشتیی کرانەوەی دیموکراسیمان لە تورکیا کرد، پێشمان وایە کە ئەمە یارمەتی نەمان یان کەمکردنەوەی ئەو هەڕەشە دەبێت.

فورقان تورلارك: وەکو ئاماژەتان بۆکرد لە تورکیا کرانەوەیەکی دیموکراسی بەڕێوەدەچێت و بەرهەڵستکار و پاڵپشتی هەیە، بەڵام هەموان دەپرسن ئایا لە باکووری عێراق هیچ ڕێوشوێنێك لەم چوارچێوەیەدا هەیە.؟

هۆشیار زێباری: ئەم لایەنە حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، یارمەتی و هاریکاریی پۆزەتیڤانەی حکومەتی تورکیا دەدەین بۆ دەرچوونی بەسەرکەوتووی لە دەستپێخەریی کرانەوەی دیموکراسی و چاکسازییە سایسی و دەستوورییەکان و گێڕانەوەی ئەوانەی فریودراون بۆ کۆمەڵگە، پاڵپشتی ئەم هەنگاوانە دەکەین، چونکە پێمان وایە چارەسەرە.



فورقان تورلارك: ئاماژەتان بۆ ئەوە کرد کە وەبەرهێنانێکی زۆری تورکیا لە عێراق هەیە و ئاڵوگۆڕی بازرگانیش گەیشتووەتە حەوت ملیارد دۆلار، بەڵام یەك دەروازە هەیە، پێشتر ئێوە و تورکیا ئاماژەتان بۆ ئەوە کرد کە دوو دەروازەی دیکە دەکرێنەوە، ئەمانە لە کوێ دەبن و کەی دەکرێنەوە.؟

هۆشیار زێباری: ئێمە پاڵپشتیی کردانەوەیانمان لەساڵی (2006)ەوە کردووە، ئەوێ کات لەو ساڵە لەگەڵ سەرۆك کۆماری تورکیا لەسەر ئەم شتە رێککەوتین، واتە بۆ کردنەوەی دەروازەیەکی دیکە، بەڵام ناکۆکی لەسەر کردنەوەی دەروازەکە هەیە، تورکیا پێشنیاری شوێنێك دەکات و ئێمەش پێشنیاری شوێنی دیکەمان کردووە، رێککەوتین کە دوو دانە بن و هەردووکیان بکرێنەوە، ئێمە رێککەوتین پاش ئەوەی خۆمان ئەوەی تورکیاش پاش ساڵێك بکرێتەوە، ئێمە رەزامەند بووین، بەڵام دواکەوتن روویدا، ئێمە پێشنیارمان کرد بێ گومان بەپێی پسپۆڕ و هونەرییەکانی عێراق دەروازەکە لە شێناوە بێت، بەڵام ئەوان بیرۆکەی ئاواکۆییان هەیە، دووریی نێوانیان زۆر نییە، سێ چوار کیلۆمەترێکە، بە لام مەسەلەکە دواکەوتووە.

فورقان تورلارك: تورکیا زۆر هەوڵی دا بۆ رەواندنەوەی ئاڵۆزییەکانی نێوان سوریا و عێراق، بەرای ئێوە کێشەکە چۆن چارەسەر دەبێت و بەکوێ گەیشت.؟

هۆشیار زێباری: چاوپێکەوتنی دووەمیشمان ئەنجامدا، یەکەمیان لە قاهیرە و بەچاودێری تورکیا و ئەمینداری گشتی کۆمکاری وڵاتە عەرەبییەکان، چاوپێکەوتنی دووەمیش لە تورکیا بوو بە چاودێری تورکیا و کۆمکار، هەروەها چاوپێکەوتنێکی ئەمنیش هەیە، ئێمە هەوڵ دەدەین کێشەکان چارەسەر ببن، بەڵام هیچ دیار نییە ئەوەی گرنگ بەلانی کەم ئاشکرایی و روونییەك هەیە




# بەپێی بەڵگەنامەکان موجاهیدی خەڵق لە راپەڕینەکەی (١٩٩١)

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی دەست چرکە کەوتوون موجاهیدی خەڵق هەوڵێکی زۆری داوە لە بەرەی گەرمیانەوە راپە ڕینەکەی (1991)ی کوردان پووچەڵ بکاتەوە، لەم میانەشدا (79)کوردی کوشتووە کە بەشێکیان پێشمەرگەن و هەندێك لەوانەش بەوپە ڕی وەحشیگەراییانە کوژراون. (عەلی غەریب) یەکێکە لەو پێشمەرگانەی لە ئازادکردنی شاری کفری لە (1991) بەشداری کردووە و چەند جارێکیش لە ژیانی پێشمەرگایەتییدا برینداربووە، لەبارەی هێرشەکانی ئەندامانی رێکخراوی موجاهیدی خەڵق و پاڵپشتیکردنی بۆ رژێمی بەعس دەڵێت»بەراستی موجاهیدی خەڵق زۆر رۆڵیکی خراپیان هەبوو لە هەوڵدان بۆ سەرکوتکردنی راپەرینە مەزنەکەی 1991، بەتایبەت لە ناوچەی گەرمیان و شارەکانی وەکو کفری و کەلار و خانەقین، ئەمەش بەهۆی نزیکی ئەو ناوچانە لە باقوبە و پارێزگای دیالە بە گشتی، موجاهیدی پاڵپشتییەکی تەواوی رژێمی بەعسیان دەکرد و بەعس زۆر پشتی پێبەستبوون بۆ ئەوەی لە پێشمەرگە بدەن و خەڵقی ئەم ناوچەیە بکوژن و بتۆقێنن،




# ...دا (۷۹) کوردیان کوشتووە

ئا:چرکە

بۆیــە چەندین دەبابە و زرێپۆش و چەکی قورس و سوکی خستبووە خزمەتیان»، لە درێژەی قسەکانیدا لەمە ڕ بەشداریکردنی مەجاهیدی خەڵق لە کوشتنی پێشمەرگە و خەڵکی بێ گوناهی ناوچەکە عەلی کە زیاتر لە 26 ساڵ پێشمەرگایەتی دەکات دەڵێت»ئەوەی موجاهیدی خەڵق بەرامبەر بە کورد لــە عێراقدا کــردی تاوانێکە و

لێخۆشبوونی زەحمەتە، چونکە موجاهیدی خەڵك جگە لەوەی بە دەیان پێشمەرگەی گەرمییانیان شــەهیدکرد و بێ بەزەییانە هێرشــیان دەکردە ســەر پێشــمەرگەکان، چەندین هاوڵاتی بێ گوناە و سڤیلیشیان خســتە بەر چەقۆی خۆیان و کوشتنیان، بەتایبــەت بە تۆپ و دەبابەکانیان توانیان هاوڵاتییەکــی زۆر بکــوژن، بۆ ئەمەش

مێژوو شــاهیدە کە بەتەنهــا لە گەرمیان چەندیند هاوڵاتیی بێگوناهیان کوشت». بەپێــی بەڵگەنامەیەکــی تایبــەت کە دەســت گۆڤاری چرکە کەوتــووە، پاش هێرشەکانی موجاهیدی خەڵق و هەوڵدانی ئەندامانــی ئــەو تاقمە بۆ بۆســەنانەوە بۆ هاوڵاتیان و پێشــمەرگە و کوشــتنی چەندیــن کەس لێیــان، هەروەها بڕیاردان بۆ ســەرکوتکردنی ڕاپەڕینە مەزنەکەی (1991) لەگەرمیانــدا، گرووپێــك لە نێو موجاهدی خەڵقــەوە ئەم کارانەیان بە کاری نەشــیاو لە قەڵەم داوە و بەشێك لەو کەسانە کە پۆستیشیان لەو تاقمە هەبووە، بڕیــاری وازهێنانیان داوە و لــەو تاقمە دەرچــوون و ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە موجاهیدی لە بڵاوکراوەی (موجاهید) لە مانگی ئازاری (1991) ناوی شەهید و دیلە کوردەکانــی بڵاوکردووتەوە، بۆیە بێبەریبوونی خۆیان لەو تاقمە دەرخستووە بەهــۆی «لــەکار لادانــی تاقمەکە لە کاری خۆی»، ســەرجەم ئەو کردانەشیان کە دژ بە کــورد و ڕاپەڕینەکەی لەلایەن موجاهیدینەوە ئەنجامدراوە ئیدانەکردووە. (ســەردار حەمە ڕەش) پێشــمەرگەیەکی کۆنی یەکێتی نیشــتمانی کوردستانە لە گەرمیان، لەبارەی کاردانەوەی موجاهیدی خەڵق بەرامبەر بە ڕاپەرینەکەی (1991) ی گەرمیانییــەکان پێــی وایــە ئەرکی گەرمیانییــەکان بەهــۆی بوونــی موجاهیدینــەوە قورس بووبوو، چونکە لەم ناوچەیە حکومەتی بەعس زۆر لاوازبوو و ئەوەی پشتی پێبەستبوو موجاهیدی خەڵق بووە، لەمبارەیەوە ســەردار دەڵێت «ئەوەی ڕاستی بێت لە گەرمیاندا موجاهیدی خەڵق بە بربڕەی پشتی بەعســییەکان دادەنرا، ئێمە لە کاتی ڕاپەریــن بڕوامان نەدەکرد



لیستی ناوی ئەوکوردانەی کە لە ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ دا بەدژی ڕژێمی بەعسی عێراق ، بەدەستی تاقمی موجاهدینی خەلکی ئێران شەهید کراون

| | |
|---|---|
| - سەمەد ڕەحیم حەسەن محەممەد | ٢٦- ڕفیق فەریق ڕەحیم |
| ٢- عەلی مەحموود خەلیل | ٢٧- شەریف فایەق محیەددین |
| ٣- ئەبووبەکرسدیق حسێن | ٢٨- حەکیم عەزیز ئەحمەد |
| ٤- مستەفامحەممەد سدیق | ٢٩-عەبدولکەریم عەبدوڕڕەحمان فەتاح |
| ٥-حسێن ڕەحیم حەسەن | ٣٠- عومەر محەممەد ئەمین |
| ٦- سامی ناسر ئیسماعیل | ٣١- حەمید فەتاح محەممەد |
| ٧-سروەت ئەحمەد ڕەحیم | ٣٢- یادگار هیلال |
| ٨-عومەر ئەشرەف مەجید | ٣٣- گەلاوێژ عەبدولقادر عەبدولکەریم |
| ٩- بورهان عەلی ڕۆستەم | ٣٤- ئەکرەم عەلی ڕۆستەم |
| ١٠- عەلی مەحموود خەلیفە | ٣٥- عەلی حەسەن عەبدوڕڕەحمان |
| ١١- عەزیز ئەحمەد محەممەد عەلی | ٣٦- عەدالەت جەبار حسێن |
| ١٢-محەممەد ئەحمەد محەممەد عەلی | ٣٧- کاوە دارا ئەحمەد |
| ١٣-سەلاحەددین محەممەد ئەحمەد ڕەحیم | ٣٨- عارف بابان |
| ١٤- نەجیب حسێن حەسەن | ٣٩- عەدنان مەحموود |
| ١٥- فەرهاد ڕەحمان ڕەحیم | ٤٠- عەدنان حەسەن ئەحمەد |
| ١٦-عەلی عەبدوڵلا سدیق | ٤١- حاجی مەحموود محەممەد ڕەشید |
| ١٧- سەمەد ڕەحیم حەسەن | ٤٢- عومەر مەحموود محەممەد |
| ١٨- خاتوو جەمیلە حەسەن حەمید | ٤٣- عوسمان محەممەد غەریب |
| ١٩- خاتوو ...محەممەد ئەمین | ٤٤- شوکور ڕەشید نەجمە |
| ٢٠- عەدالەت جەبار حسێن | ٤٥- شیلان ڕەشید نەجمە |
| ٢١- ئەحمەد محەممەد قادر مەحموود | ٤٦- سالار حەمید ڕەئووف |
| ٢٢- محەممەد حسێن حەمید | ٤٧- عومەر ئەحمەد حەسەن |
| ٢٣- جەلال حسێن عەبدوڵلا | ٤٨- ئومێد عومەر سالح |
| ٢٤- محەممەد ئیبراهیم عەبدوڵلا فەرەح | ٤٩- دارا ڕەشید عەبدولقادر |
| ٢٥- عەزیز محەممەد حەیدەر | ٥٠- محەممەد ڕەشید |

ئەو ڕێکخراوە بەو شـــێوەیە سەرســـەختانە پشتگیری لە بەعس بکەن، حسابی ئەوەمان کرد کە ئـــەوان بێنە پاڵ کـــورد و دژی حکومەتی بەعس بجەنگن، چونکە ئەوان ســـوور دەیانزانی حکومەتی بەعس چەند خوێنڕێژە و چی تاوانی گەورەی بەرامبەر بە گەلانی عێراق و بەتایبەت بەرامبەر بە کورد ئەنجامداوە«، لەبارەی کاریگەریی کارەکانی موجاهیدی لەسەر ڕاپەرینەکەی گەرمیانییەکان لە ناوچەکانی گەرمیان، سەردا دەڵێت »ئەگەر موجاهیدی نەبان، ئێمە لەگەرمیان شـــەهیدێکی کەمترمان دەدا و زۆر شوێنمان لە بەعس بە خێرایی پاك دەکردەوە، بـــەڵام موجاهیدی لە زۆر شـــوێندا ڕێگربـــوون، بۆ نمونـــە ئێمە لە رزگارکردنر شـــارەکانی دووز و ســـلێمان بەگ زۆر نارەحەتی و ئەزیەتمان بەدەستی موجاهیدینـــەوە بینی، چونکـــە ئەوان لە هێرشێکیدا توانیان نزیکەی (18) پێشمەرەی ئێمە بە تۆپی دەبابە بکوژن و ئەمەش زۆر کاریگەریی بۆ سەر ورەی ئێمە هەبوو».

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی دەست گۆڤاری چرکە کەوتوون ژمارەی ئەو کوردانەی لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی (1991) لەســـەر دەســـتی تاقمـــی موجاهیـــدی خەڵقەوە تیرۆرکـــراون بریتیـــن لـــە (79) کەس، زۆرینەی ئەوانەش پێشـــمەرگە بوون و لە هێرشەکانی موجاهیدی یان بۆسەکانیاندا لەکاتی رزگاری کردنی شارەکان تیرۆرکراون، هەروەها هەر بەپێی ئـــەو بەڵگەنامانەی دەســـت گۆڤاری چرکە کەوتوون جگە لە تیرۆرکردن و کوشـــتنی دەیان هاوڵاتی و پێشـــمەرگەی کورد لەلایەن موجاهیدی خەڵقەوە، ژمارەی ئەو کەسانەشـــی کە لە هێرشەکان یان لە بۆسەکانی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە لە ناوچەکانی گەرمیان بەتایبەت دەســـتگیرکراون بریتین لە (13) کەس، زۆرینەی ئەوانـــەش بەلانی کەم نزیکەی (پێنج مانگ و نیو) لە بەندیخانەکانی ئەم تاقمە بەدیل گیراونن زۆرینەشیان ئاماژە بۆ خراپترین مامەڵەیەك لەگەڵیاندا دەکەن.


(قادر مام وەهـــاب) یەکێکە دیکەیە لەو پێشمەرگانەی لە سەروبەندی ڕاپەرینەکەی شـــاری کفریدا بی کەی ســـی پێبووە و بەشـــداری لـــە رزگارکردنی شـــارەکەدا کردووە، لەبارەی هێرشەکانی موجاهیدی و دڕندەیی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە بەرامبەر بە پێشـــمەرگە و هاوڵاتیانی گەرمیان لە ڕاپەرینـــە مەزنەکـــەی (1991) دەڵێت «ڕێکخـــراوی موجاهیدی خەڵق زۆر بێ بەزەییانـــە لە پێشـــمەرگە و هاوڵاتییانی کوردیان دەدا و شەهیدیان دەکردن، بەتایبەت لە شـــە ڕەکاندا تەنانەت سوکایەتیشیان بە کـــورد دەکرد، من کـــە بەدیل گیرام لای ئـــەوان بەبەرچـــاوی خۆمـــەوە بینیومە هێزەکانی موجاهیدی خەڵـــق بە دەبابەوە هاتوونەتە ســـەر پێشـــمەرگەی بریندار و پانیـــان کردووەتـــەوە، ئـــەوان تاوانی زۆر گەورەیان لەبەرامبەر بەکورد ئەنجامداوە، ئەمـــە جگە لەوەی ئێمە کـــە دیل بووین خراپترین مامەڵەیـــان لەگەڵماندا دەکرد و زۆر جاریش ســـوکایەتیان بە کەرامەت و شەرەفمان دەکرد»، لە درێژەی قسەکانیدا ئـــەو پێشـــمەرگەیە دەڵێـــت «بەداخەوە سەرباری ئەو هەموو تاوانە گەورەیە پاش ســـەرکەوتنی ڕاپەڕین موجاهیدی خەڵق ئامـــادە نەبوو داوای لێبـــووردن لە کورد بکات و بەهیچ شێوەیەك بەو شێوەیە بەدەم

کوردەوە نەهات و داوای لێخۆشبوونی نەکرد، بۆیە ئێستا کورد هەقی خۆیەتی داوای مافەکانی شـــەهیدەکانی بکاتەوە«.
موجاهیدی خەڵق لە ساڵی (1965)دامەزراوە و رۆڵی باشی لە دژایەتیکردنی شـــا و خستنی رژێمەکەیدا هەبوو، هەروەها پاڵپشتیی تەواوی بەنی سەدری سەرۆك كۆماری پێشووتری ئێرانی دەكرد بۆ رووبەرووبونەوەی دەزگا ئاینییەكان، ئەمەش وایلێكرد لە هەشتاكانی سەدەی رابردوو بكەوێتە بەرەوە لەگەڵ رژێمی ئێران و بە ســـەدان ئەندامی كوژران و دەستگیركران، بۆیـــە ناچاربوو روو لە مەنفا بكات، دروشمەكەشـــی بریتی بوو لە دامەزراندنی دەوڵەتێكی دیموكراســـی ئیسلامی وەكو ئەڵتەرناتیڤی كۆماری ئیسلامی، لە (1986) لەسەروبەندی جەنگـــی ئێران و عێراقـــی بەغدا بووە بارەگای ســـەرەكیی بزوتنەوەكە و كادیرەكانی لە مەنفا، ئەم وڵاتە بووە دەربەڕینێك بۆ هێرشەكانی موجاهیدی دژ بە ئێران. (فاروق عەزیز) یەكێك لەو هاوڵاتیانەی برایەكی بە دەســـتی هێزەكانی موجاهیدی لە كفری كـــوژراوە و لە ئێســـتادا اوا دەكات ئەندامانی ئەو رێكخراوە دادگای بكرێن و خوێنی شەهیەكانیان لێبسەنرێتەوە و تۆڵـــەی ئـــەو تاوانانەیان لـــێ بكرێتەوە كـــە دژی كورد ئەنجامیانداوە، ئەو لەمبارەیەوە دەڵێت «من برایەكم شەهیدی دەستی موجاهیدی خەڵقم، ئەو برایەم بەدەستی موجاهیدنەوە شـــەهید بوو، بۆیە داوا دەكەم ئـــەو رێكخراوە و ئەندامەكانی بە ئاسانی لێنەگە ڕێن، ئێســـتا لە عێراقدا موزایەدەیان پێوە دەكرێت، ئەی چۆن دەبێت لێبگەڕێین و تاوانەكانیان بەرامبەر بە كورد و شـــەهیدركدنی ئەو پۆلە پێشـــمەرگە و هاوڵاتییە و خوێنیـــان هەروا بە هـــەدەر بچێت، بۆیە مـــن داوا دەكەم دادگای بكرێن و لەبەردەم دادگەیەكی نێودەوڵەتی بە ســـزای خۆیـــان بگەیەندرێت، چونكە ئەوانە بەراســـتی تاوانبارن».
تیرۆریســـت بوون و نەبوونی بزوتنەوەی موجاهیدی خەڵق لە نێوان بەرژەوەندییەكانی وڵاتـــە زلهێزەكاندا بزربووە، بەتایبەت پاش سەرسەختبوونی ئێران لە دژی وڵاتە گەورەكانی دونیا، ئەگەرچی ســـەردەمانێك لە لیستی تیرۆریستەكانی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریكاش بوو، بەڵام دواتر دەرهێنرا، لە ئێستا رەنگە هەوڵ بدرێت بۆ بەكارهێنانیان وەكو كارتێكی فشار دژ بە ئێران.


ناوی شەهید: مستەفا محەممەد سدیق
کاتی شەهید بوون: ١٩٩١/٣/١٤
شوێنی شەهید بوون : ناوچەی کفری
شێوەی شەهید بوون : لەهێرشی موجاهدینی خەڵکدا

بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهورية العراقية
وزارة العدل
محكمة الاحوال الشخصية في
حجة وفاة

بەلگەی فەوت


٥١-عەلی حەسەن لفتە
٥٢- جەلیل خەلیل ئیبراهیم
٥٣ محەممەد شوکور
٥٤- لوقمان عەبدوڕڕەحیم فارس
٥٥- ئەحسین سەعید عەبدوڵڵا
٥٦- ئیحسان وەهاب
٥٧- خاتوو ئەلعەت شەوکەت مەجید
٥٨- محەممەد نامیق ئەبیب
٥٩- رێبوار ئەحمەد محەممەد
٦٠- مەجید عەزیز عەبدوڵڵا
٦١- عومەر ئەحمەد سلێمان
٦٢- خاتوو زووخا فازڵ مەرهوود عوودە
٦٣- خاتوو لەیلا فازڵ مەرهوود عوودە
٦٤- بەکر عەلی سالّح
٦٥- بورهان جەبار مەچال
٦٦- محیە محەممەد رەحیم کەریم
٦٧- یۆسف حسێن عەلی قادر
٦٨-محەممەد شەریف محەممەد سەعید
٦٩-نورەددین عەلی ئەحمەد
٧٠- نۆشیروان ئەحمەد رۆستەم
٧١- عەلی ئەحمەد عەبدوڵڵا
٧٢- عوسمان قادر سەعدوون
٧٣- عەبدولڕەحمان ئەحمەد کەریم خدر
٧٤- عیمران کەریم محەممەد سالّح
٧٥-فەتاح ئەحمەد عەلی
٧٦- حسێن عەبدوڕڕەحمان ئەحمەد
٧٧- عادڵ مەحموود سەعید شەریف
٧٨- لوقمان محەممەد سالّح مەعدووف
٧٩ عومەر محیە سەعید ئەحمەد

**بەدیع عارف، پارێزەری سەدام حوسێن و تاریق عەزیز:**

# ئەگەر مالیکی دەست لەکاربکێشێتەوە، خۆم بۆ سەرۆکایەتی عێراق دەپاڵێوم



**لەم چاوپێکەوتنەدا لەگەڵ (بەدیع عارف عزەت) یەکەمین ئەو پارێزەرانەی لەلایەن بنەماڵەی سەدام حوسێنەوە داوای لێکراوە داکۆکی لێبکات، کە پاشتر داکۆکی لە تاریق عەزیز و چەند دەستگیرکراوێکی دیکەی سەرانی رژێمی پێشووی عێراقی کردووە، لەبارەی چەند مەسەلەیەکی پەیوەست بە دانیشتنەکانی دادگایکردن و نهێنییەکانی سیاسەت، بەم شێوەیە وەڵامی چرکە: دەداتەوە**

**سازدانی: هێمن بابان رەحیم**

چرکە: بەر لە ماوەیەك راتانگەیاند کە خۆتان بۆ سەرۆکایەتی عێراق دەپاڵێون، مەبەستتان لەمە چییە، مەرجتان دەست لەکارکێشانەوەی مالیکی بوو، ئەمەیان بۆچی.؟

بەدیع عارف: هۆکاری راگەیاندنی خۆ پالاوتنم بۆ ئاشکراکردنی ئەو دیموکراسییەت و هەڵبژاردنە ساختەیە کە قسەی لەسەر دەکەن، ئەگەر ئەوان راست دەکەن با بۆ خۆپالاوتنم مەرجەکانم بەجێبگەیەنن کە بڕیاردانە لەسەر سیستەمی سەرۆکایەتی کە سەرۆك راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردێت، مەرجەکانیشم بریتین لە دەستلەکارکێشانەوەی مالیکی پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن، چونکە بوونی ئەو لە ترۆپکی دەسەڵاتدا وای لێدەکات توانا و سەرچاوەکانی دەوڵەت بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاربهێنێت، لە نێویاندا فشارخستنە سەر دەنگدەر بەهەموو شێوازەکانی هەڵبژاردن، ئەمەش دەکات و لە ئێستادا دەستیپێکردووە، چەند مەرجێکی دیکە هەن کە کاتی خۆی دەیخەمە روو کە پێویستە لە هەڵبژاردنی پاکو خاوێن هەبێت.

چرکە:لە (20/7/2009) نامەیەکتان ئاراستەی باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا کرد، لەو نامەیەدا ئاماژەت بۆ ئەوە کردبوو کە ئەو دوژمنی ئێوەیە، بۆچی دوژمنتە، وەڵامی دایەوە.؟

بەدیع عارف: بەڵێ شەش نامەم بۆ نارد، ئەو کاتەشی کە گوتم من دوژمنی تۆم، مەبەستم لەوەدا ئەوەبوو ئیدارەکەی بووەتە دوژمنی من و عێراقەکەم، بەهۆی داگیرکردنی نارەوا و دەستپێشخەرینەکردنی سەرۆك ئۆباما بە داننان بە هەڵەکانی ئیدارەی پێشووی و داوای لێبوردنیشی لە گەلی عێراق نەکرد کە چاوەڕوان بوو، جگە لەوەی هەردووکمان پیشەی پارێزەرایەتی کۆماندەکاتەوە، بەحوکمی ئەوەشی کە ئەم سیفەتەی تێدا هەیە، پێویستبوو لەسەر دان بە نارەوایەتی و نایاسایبوونی داگیرکاری بنایە، لەگەڵ هەموو ئەو تاوان و کاولکارییەشی کە بەسەر عێراقدا هات ئۆباما دەرکەوت و گوتی حکومەتەکەی مالیکی جێی متمانەمانە، سەرباری ئەوەی سەرجەم چاودێران کۆکن لەسەر ئەوەی عێراق لە پلەی یەکەمدا دێت لە گەندەڵیدا، ئەو لێدوانەی ئۆباماش بێگومان زیانی دەبێت، بەڵام هێشتا چاوەڕوانی گۆڕانم لە سیاسەتەکانی بەرامبەر بە گەلی عێراق، بەتایبەت ئەم حکومەتە ئەجیندای وڵاتانی دەوربەر جێبەجێ دەکات، نەوەك ئەجینددای گەلی عێراق، ئینجا ناوبانگی ئەم و ناوبانگی ئەمریکاش دیسانەوە بەرامبەر رای گشتی جیهانی زەرەرمەند دەبێت، بەو ئومێدەی ئەو مۆرکە رەشەی بە ئەمریکا کەوت بەهۆی کردە خراپەکەی بوشەوە، بەڵام نازانم یاریدەدەرەکانی ئۆباما نامەکەیان نیشاندا یان نا، یان بەتەنها ئەوان تەنها ئەو شتانەی پێدەڵێن کە مالیکی دەیانڵێت و گوێی دیکەی بۆ گوێگرتن لە ئازارەکانی گەل ناگرێت کە رەنگە من یەکێك بەم لەوانەی گوزارشت لە ئازارەکانی دەکەم، ئەگەر نا وەکو بۆشی پێشووی دەبێت کە هەمووان نەفرەتی لێدەکەن.

چرکە: لە لێدوانێکتدا ئامادەیی خۆتت بۆ داکۆکیکردن لە مالیکی نیشاندا کاتێك دادگای بکرێت، ئایا ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی رۆژێك دێت ئەویش دادگای بکرێت، بۆ نمونە مەبەستت گە ڕانەوەی بەعس نییە.؟

بەدیع عارف: بەدڵنیاییەوە ئەو رۆژە دێت ئەمڕۆ بێت یان سبەی، ئەرکی منە وەکو پارێزەرێك بێ جیاوازی داکۆکی لە هەمووان بکەم، دەمەوێ ئەوە بڵێم کە من گونجاوتر و مافی من بوو داکۆکی لەسەرجەم بەرهەڵستکارەکانی رژێمی پێشوو لە کوردەکان یان فەیلییەکان یان لە حزبی دەعوە یان شاری سەدر بێت، تا ئێستاش ناوی ئەوانەم لایە کە داکۆکیم لێکردوون، بۆ نمونە یەکێك لەوانەی بەرهەڵستکار بوو کە ئێستا ناوی لەیادم نییە، بەڵام دەزانم کوڕی خوشکی سەعید ئەلشائی بوو کە ئەندامی دادگەی گەل بوو لەپاش شۆڕشی (14)ی تەموز، لەبەردەم دادگەی شۆڕش حوکمی لەسێدارەدانی دەرچوو، پاش ئەوەی زۆر بە سەختی داکۆکیم لێکرد ئازادکرا، هەمان فەرمان بۆ عەلی عەبدوڵا نورمان کە لەسەر پەتی سێدارە فریای کەوتم دووبارە بوویەوە.

چرکە: چۆن بوو (FBI) هە ڕەشەی کوشتنی لە تاریق عەزیز کردبوو.؟ سەبارەت بە هەڕەشەکانی (FBI) ئەوان دووانیان هەستان بە هەڕەشەکردن و دەستگیکردنی زیادی کوڕی تاریق عەزیز، هەروەها چەند تۆمەتێکیان لەدژی ئەو کە لەلایەن هەندێك لەو عێراقیانەی لەلایەن حکومەتی ئێستاوە پشتیوانی دەکرێن هەڵبەستبوون، تاریق عەزیز دژی سەدام هیچ شاهێدییەکی نەدا و هیچ زانیارییەکی نەدا کە بۆ تاوانبارکردنی بەکەڵکیان بێت.

چرکە: تاریق عەزیز هیچ نهێنییەکی وای لا درکاندووی کە کەسانێك تۆمەتبار بکات ئێستا لەدەسەڵات بن لە عێراقدا.؟

بەدیع عارف: پێی وابوو لە ئێستادا زیاتر کورد لێوەی نزیکن تا ئەوانی دیکە کە لەلایەن داگیرکەرەوە و لەسەر دەبابەکانی ئەوان لە دەرەوەی وڵاتەوە هاتن، بەم بۆنەیەشەوە سەرۆکی کۆچکردوو پێش لەسێدارەدانی گوتی کە کاك مەسعود و مام جەلال لە چەمك و سیفەتی خیانەت دەردەکات، بە رەوانیش گوتی کە ئەم دوو کەسە خاوەن مەسەلەن و ئەمە بۆ مێژوو دەڵێم.

چرکە: لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی ئەلجەزیرە گوتت ئەمریکییەکان شێتەکانی عێراق مینرێژدەکەن و لەگردبوونەوەی کرێکار و مەدەنییەکاندا دەیانتەقێننەوە تا وای لێهاتووە عێراق شێتی زۆر کەمبووە، ئەمە تاچەندە راستە، بەڵگەتان هەیە.؟

بەدیع عارف: ئەوەی لە بەرنامەی (زیارە خاێە)ی کەناڵی ئەلجەزیرە گوتم هیچ بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەم لا نییە بەوەی ئەمریکییەکان بەشتی وا هەڵبستن، بەڵام دەتوانم ئەوە دووپاتبکەمەوە کە هەندێ لایەنی سیاسی هەن بە هەندێك لەم جۆرە کارانە هەستاون.

چرکە: لەسێدارەدانی سەدام حوسێن چۆن کاری لێتکرد، لەسێدارەدانی بە رەوا دەزانیت.؟


بەدیع عارف: لەسێدارەدانی سەرۆكی شەهید زۆر كاریگەری تێكردم، سەدمەیەكی گەورە بوو، ئیهانەكردن بوو بۆ شا و سەرۆكەكانی عەرەب، سەرۆك لەسەر دەستی بەكرێگیراو و بە ئاراستە و هانی ئەو لەسێدارەدرا.

چركە: ئیسرائیل لەرێگەی كەسێكییەوە داوەتتانی كردبوو بۆ سەردانیكردنی ئیسرائیل، ئەمە چۆن بوو، ئیسرائیل چی لە ئێوەی دەوێ، ئایا هیچ ئیغراكردنێك لەلایەن ئەمریكا یان بەریتانییەكانەوەتان بۆ هاتووە تا واز لە داكۆكی كردن لە سدامو سەرانی دیكە بهێنن.؟

بەدیع عارف: هیچ ئیغرایەكی مادی یان نا مادییم لە ئەمریكییەكان و ئەوانی دیكەش پێنەگەیشتووە، ئەوان پێویستیان بەوە نییە، بۆیە ئەوان و بەكرێگیراوەكانیان پێشتر بڕیاری خۆیان بە لەسێدارەدانی سەدام دابوو، بەدیع عارف كێیە تا بە پارە ئیغرای بكەن، ئینجا بەدیع دەتوانێ چی بۆ سەدام و ئەوانی دیكە بكات، مەسەلەكە لەبەرچاوی هەمووان و لەبەرچاوی رای گشتی جیهان و ناوەوە گاڵتەجاڕی بوو، لەبارەی ئەو ئیسرائیلییەشی كە هەوڵی میوانداریمیدا بۆ ئیسرائیل ناوی بەوە نەدەكرد كە جوولەكە بێت، پێی گوتم كە ناوی (رۆبەرت)ە، لە بەرلینی ئەڵمانیا بووم لە یەكێك لە ساوناكان هاتە لام بە ئامادەبوونی برادەرێكی عێراقی كە ناوی (ریاز ئەلسامە ڕائی) بوو و رەگەزنامەی ئەڵمانیی هەیە، بەپێی قسەكانی خۆی ئەو ئیسرائیلیە لەرێگەی كەناڵەكانی تەلەفزیۆنەوە منی ناسایبوو، بەڵام بە هەموو رێز و نەرمییەكەوە داوای لێبووردنم لێكردن بێ هیچ دوژمنكارییەك، لە ئەنجامدا نە من و نە هیچ پارێزەرێكی دیكە خستنەروویەكی مادی یان نا مادییمان وەرنەگرتووە، چونكە پێویستیان پێنییە، وە ئێمەش ناتوانین نە لە ناو دادگە و نەش لە دەرەوەیدا هیچ بكەین، مەسەلەكە هەر لە سەرەتاوە رێكخرابوون دادگەیەكیان پێكهێنا و یاسایەكیان دارِشت كە ئەوانە بێ تاوان ناكات كە نایانەوێ بێ تاوان دەربچێت، هەموو ئەو حوكمانەشی كە دەرچوون هەمووی پووچن لە رووی یاساوە، لە ئایندەدا بە بەڵگەی یەكلاكەرەوە دەسەلمێنم بە سكاڵایەك لە بەرێز مالیكی كە خۆی و خەلیل زادی باڵیۆزی ئەمریكا هەستان بە كوشتن نەوەك لەسێدارەدانی ئەوانەی كە ئەم حوكمەیان بەسەر سەپێنرا، بە حوكمی ئەو بەڵگە یەكلاكەرەوانەی كە لای من لەو بەڵگانەی لەسەر كردەكانی كوشتن كە هێزەكانی داگیركەر و ئەوەی پێی دەگوترێت حكومەتی ئێستا ئەنجامدراون.

چركە: پێشتر كە لەكەڕادە بووی كە زۆرینەی دانیشتوانەكەی شیعەبوون، نامەیەكت ئاڕاستەی عەبدولعەزیز ئەلحەكیم كردبوو، ئەو نامەیە بۆچی بوو، وهڵامی دایەوە.؟

بەدیع عارف: كاتێك ئینزاری كوشتنم بەناوی فەیلەقی بدەرەوە بۆ هات، لەرێگەی فەرمانبەرێكی نوسینگەكەمەوە بەخەتی خۆم نامەیەكم رەوانەی بە رێز عەبدولعەزیز ئەلحەكیم كرد، لە نامەكەدا گوتم ئەو پەیامەم پێگەیشتووە و ویستم ئەو وێنەیەت پێ نیشانبدەم كە بەسەرمدا دێت، رۆژی پاشتر یان دوو رۆژی دیكە بوو نازانم بیرم نایەت، بەرێوەبەری نوسینگەی خۆی هات و بەناوی (باوكی موحەمەد)خۆی ناساند، لەگەڵ چەند كەسێكی دیكە بوو، بە راشكاوی پێی گوتم كە بەرێز عەبدولعەزیز ئەلحەكیم دەڵێت ئێمە ئەو هە ڕەشەمان نەناردووە، لە ئەمرۆشەوە لە ژێر چاودێری ئێمە دەبیت، من سوپاسی دەكەم لەسەر ئەو هەڵوێستەی، بەڵام پاش ماوەیەك میلیشیایەك هاتن كە دڵنیام سەر بە ئەو نەبوون هێرشیان كردە سەر نوسینگەكەم و هەوڵی كوشتنیان دام، بە لام كە لەوێ نەبووم، هەستان بە دزینی هەموو كەلوپەل ودۆسیەی دەستگیركراوەكان لەژێر هە ڕەشەی چەك، بە لام من پێش چەند خولەكێك لە نوسینگەكەم دەرچووم، رۆژی پاشتر واز لەو نوسنیگەیە هێنا و چووم نوسینگەیەكی دیكەم گرت تا ساڵی (2007) كاتێك هێزەكانی داگیركەر لە دەستی پۆلیسی عێراقی رزگاریان كردم، پاش ئەوەی موحەمەد ئەلعرێبی بۆ ماوەی چوار رۆژ دەستگیریكردم لە زیندان‌دا دواتر لەسەر فرۆكەیەك هێنرام بۆ وڵاتێكی عەرەبی، پاش چەند رۆژێك خێزانەكەشم گواستەوە بۆ عەمان راستوخۆ و لەوێوە دەستم بە داكۆكیكردم كرد لە دەستگیركراوەكان لە رووی راگەیاندنەوە، سەرۆكی كۆچكردوو و تاریق عەزیز پێیان دەگوتم ئاگات لە راگەیاندن، پاشان راگەیاندن، پاشان راگەیاندن بێت بۆ ئەوەی رای گشتی جیهان لەوەی روویداوە و دەدات لە عێراق لە داگیركارییەكی نارەوا ئاگادار بكەیتەوە، بەڵام سەرباری هەموو ئەوانەی كە كردم هیچ



دەستخۆشییەکم لە زۆرینەی هەرە زۆری پەیوەندیدارەکان بەتایبەت ژمارەیەکی زۆر کەمی رۆڵەکانی دەستگیرکراوەکان نەبێت پێنەگەیشت، بەڵکو مەسەلەکە گەیشتە ئەوەی هیچ کام لەوانە ئەرکی سەردانیکردنمیشیان نەگرتە ئەستۆ کاتێك نەخۆش بووم و لەسەر جێ بۆ زیاتر لە شەش مانگ کەوتم، بەڵام من سوپاسی خوای گەورە و جەلالەتی شا عەبدوڵای شای ئوردن دەکەم کە ئەرکی چارەسەرکرنمی گرتە ئەستۆ، هەروەها سوپاسی هەندێك لایەنی عەشایەری و کۆمەڵایەتی دەکەم کە ئاوڕیان لێدامەوە و یارمەتیان دام بۆ چارەسەرکردن لە ئەڵمانیا، پاش ئەوەی نەخۆشییەکەم خراپتربوو و مالیکی بۆ ماوەی سێ ساڵ زیاتر رێگەی پێنەدام پاسەپۆریتی جۆری (G) م پێبدرێت، من لە ئێستادا دەمەوێت بەهۆی خراپبوونی حالەتی تەندروستیم سکاڵا لە دژی مالیکی تۆماربکەم بەهۆی ئەو کردە نا مرۆییەی کردی، بە دڵنیاییشەوە بە هەوڵدان بۆ کوشتنم بەو شێوە داهێنراوە کە رێگەگرتن بوو لە رۆیشتنم بۆ چارەسەر لە ئەڵمانیا سکاڵای لەسەر دەکەم، جێی خۆیەتی سوپاسی هۆشیار زێباری بکەم بەهۆی ئەو رەفتارە شارستانییەی لەگەڵ یارمەتیدانم بۆ دابینکردنی پاسەپۆرت کە بەپێی یاسا و دەستوور مافی خۆمە.

چرکە: منداڵەکانت پێشتر رفێندران، بەڵام ئازادکران، کێ بوو ئەو لایەنەی رفاندنی، چۆن ئازادکران.؟

ئەو دوو پرسیارەی کە پەیوەستن بە رفاندنی منداڵەکانم و ژمارەی ئەو هەرشانەی کە بۆمن هاتوون و لێمکراون، وەڵامیان نادەمەوە، هیچ نەبێت ئێستا، بەڵام پێم وایە رەنگە رووبەرووی هەوڵەکانی کوشتن ببمەوە بۆ ئەوەی تۆمەتەکە بە مالیکییەوە بلکێندرێت، من ئەم شتە بەدوور دەزانم، لەبەر هۆکارێك کە ئێستا باسیان ناکەم، بەڵام بەدووری نازانم تۆمەتم بۆ رێکبخرێت بۆ ئەوەی لە گۆڕەپانی سیاسی بەدووربخرێمەوە.

چرکە: تا ماوەیەکی باش لە رژێمی پێشوو نزیك بووی، رژێمی پێشوو ستەمکار و خوێنڕێژ نەبوو.؟

بەدیع عارف: لەبارەی پەیوەندییم بە رژێمی پێشوو ئەوا پەیوەندییەکەم لە دوو مەسەلەدا چڕبوویەوە، یەکەمیان هەستانم بەئاگادارکردنەوە و هەواڵدان لەبارەی هەوڵی کردەیەکی سیخوڕی یان شتێکی لەو جۆرە لەلایەن کەسانێکەوە کە بانگەشەی نوێنەرایەتیکردنی

کۆمپانیای بیانییان دەکرد، سوپاس بۆ خوا بە ئەرکی خۆم بەرامبەر بە نیشتمانەکەم هەستاوم، بەتایبەت پاش ئەوەی من و ئەو بیانییانە لەژێر چاودێریی بەرپرسە ئەمنییەکاندا کارماندەکرد، سەرۆکی پێشوو ڕێزی لێدەگرتم بۆ ئەو هەڵوێستە، ئەمەش هانیدام بۆ ئەوەی لە بۆنەیەکی دیکە چاوم پێبکەویت و هەندێك لەو مومارەسانەی پێڕابگەیەنم کە دەوروبەرەکەی و زۆر نزیکەکان لێوەی دەیکەن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ناشرینکردنی ناوبانگ و وێنەی ئەو، بە ڕاشکاوی پێی گوتن تۆ یەکەمین هاوڵاتییت بەو کارە هەڵدەستیت، زۆر سوپاست دەکەم، هەستا بە سزادانی ئەو کەسانە و ناتوانم لە ئێستادا ناویان بڵێم، لەمبارەیەوە ئەوێ کات وتارێکم لە گۆڤاری ئەلف با نوسی، هەروەها سێ وتاری دیکەم نوسی توشی مومارەسات خراپ بوومەوە لەلایەن پیاوانی ئاسایش و تەنانەت هەواڵگریشن هەموو برادەران و ئەو کەسانەی کە دەمناسن وایان پێشبینی کرد کە بێگومان سەرۆك دەمکوژێت، بەڵام ئەوە بەهیچ شێوەیەك ڕووینەدا، یان شتێکی لەو جۆرە، من نکۆڵی لەو مومارەسە خراپانەی کە پێشتر ڕوویانداوە، بەڵام ناگاتە یەك لە هەزاری ئەوەی ئێستا ڕوودەدات، سەرباری هەموو ئەوە ئەرکی من و هەر هاوڵاتییەکی دڵسۆزە داکۆکی لەو سیستەمە شەرعییە بکات کە لە عێراقدا هەبوو، مەسەلەی چارەسەرکردنی هەڵەکانی ڕژێمی پێشوو لە ڕێگەی ئەنجامدانی کودەتا یان شۆڕشێکی میللی دەبوو، نەوەك بە پشتبەستن بە بیانییەکان، چونکە ئەم کارە شەرمەزاری بۆ هەموو ئەو کەسانە دەهێنێت کە هاریکاری داگیرکەربوون بۆ هاتنە ناوەوە، تاوەکو ئێستاش گەل لەو کەسانەی خۆیان بە نوێنەرانێك دەناسێنن کە نوێنەرایەتی هەژار و کەسە بێهێزەکان دەکەن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە نوێنەرایەتی ڕەوتی سەدری دەکەن، سەدریش لەوان بێبەرییە، لەوانەش بێبەرییە کە جلوبەرگی وا دەپۆشن کە نرخەکانیان

# ئیسرائیلییەکان هەوڵی میوانداریکردنیان دام، بەڵام ڕەتمکردەوە

خەیاڵییەوە و دەچنە ئەو چێشتخانە و میوانخانەکانی عەمان کە مەییان تێدا دەخورێتەوە، ڕۆژی دواتریش لە پەرلەمانەوە دەردەکەون و لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان قسەکانیان بە (بسم الله الرحمن الرحيم) دەست پێکەن و بانگەشەی نیشتمانپەروەری دەکەن، لەکاتێکدا ناتوانن بچنە پەرلەمانەوە تا سەگەکانی داگیرکەر بۆنیان نەکەن و نەیانپشکنن، ئەمە ئەو پەرلەمانەیە کە باسی دەکەن، هەروەها نامەوێ ئەوە لە بیر بکەین کە هەوڵێکی کودەتا لەسەر سەرۆکی کۆچکردوو لەلایەن شەهید (عەدنان ئەلحەمدانی)ی و گرووپەکەیەوە هەبوو و من پێشتر پێمدەزانی، بە ڕێز (ریاز عەبدولرەزاق قەدۆ) زاوای خوالێخۆشبوو (موحەمەد مەحجوب) ، سوپاسی خواش دەکەم کە خوالێخۆشبوو (ریاز) لەکاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا ناوی نەهێنام، لەبارەی پرسیارەکەتیشەوە کە ڕژێمی پێشوو خوێنڕێژبوو، ناتوانم لە ئێستا وەڵامی بدەمەوە، لەبەر هۆکاری ئەخلاقی و پیشەیی، پاش ڕۆیشتنی داگیرکەر و هاریکارەکانی وەڵامەکەی ئامادەدەبێت.

چرکە: یاداشتەکانی تاریق عەزیز بەکوێ گەیشتن، پێت وایە ئەو یاداشتانەی و ئەوانەی سەدام حوسێن نهێنی زۆر ئاشکرابکەن و فایلی زۆر هەڵبدەنەوە، یان بایەخێکی ئەوتۆیان نابێت.؟

بەدیع عارف: لەبارەی یاداشتەکانی تاریق عەزیزەوە، هێشتا نەمبینیون، لەبارەی یاداشتەکانی سەرۆکی کۆچکردوو هێشتا نەمبینیون، بەڵام زیاتر لە جارێك چاوم پێکەوتووە، هەندێ مەسەلەی ترسناکی پێگوتم کە کاتی خۆی دەیانخەمەڕوو و ئاشکرایان دەکەم.

چرکە: هیچ بەڵگەیەکتان لەسەر تێوەگلانی بەرپرسانی کورد لە کارەساتەکانی ئەنفال و هەڵەبجە لەلا هەیە، بۆ سەردانی هەڵەبجە ناکەیت.؟

بەدیع عارف: لەبارەی تێوەگلانی کورد لەگەڵ ڕژێمی پێشوو هیچ زانیارییەکم لەمبارەیەوە نییە، سەردانی هەڵەبجەشم نەکردووە، بەڵام سەردانیکردنم بۆ ئەوەی کاریگەریی زۆرم تێدەکات و سەدمەیەکی گەورە دەبێت، هەوڵ دەدەم خۆم لەوە بەدوور بگرم.

# کۆڕەک تیلیکۆم فریامان کەوە

**خطاب رسول حمد**

مۆبایل ئەو ئامێرەیە کەوا خزمەتێکی زۆرو بەرچاوی بە مرۆڤایەتی گەیاندوە لە سەرانسەری جیهان لە ماوەی چەند ساڵێکدا بە هۆی ئەم تەکنەلۆژیایەوە گشت جیهان لە رێگەی تۆڕەکانی مۆبایلەوە بچوکراوەتەوەو دەتوانرێ لە ماوەیەکی زۆر کەم و کورت و خێرادا هەر کاتێك مرۆڤ بیەوێ پەیوەندی بکات دەتوانێ بەهۆی ئەم مۆبایلەوە پەیوەندی بکات لەگەل خزم و دۆست و ناسیاوانی و کاروباری خۆی بە خێرایی جێ بەجێ بکا و مۆبایل زۆر کار ئاسانی کردووە بۆ مرۆڤ و دەتوانم بڵێم گشت رێگاکانی کورت و بچوك کردۆتەوە کوردستانی خۆشمان لەم خزمەتگوزاریە بێ بەش نەبووە کە خاوەنی چەندان کۆمپانیای مۆبایلە لەوانە (( کۆڕەك تیلیکۆم و ئاسیا سێل و ..هتد )) .

کۆڕەك تیلیکۆم بە یەکێك لە کۆنترین کۆمپانیاکانی مۆبایل لە عێراق دادەنرێت ، لە ساڵی (2001) ەوە مۆڵەتی کارکردنی پێدراوە ،لە ماوەی تەمەنیدا کە نزیکەی (10) ساڵە دامەزراوە و خزمەتێکی زۆری بە هاوڵاتیان گەیاندووە و تا ئێستاش بەردەوامە ،کە بەشداربوویەکی یەکجار زۆری هەیە و هاوڵاتیان سوودێکی زۆر باشیان وەرگرتووە لەم تەکنەلۆژیایە و هەروەها بە شێوەیەکی زۆر خێراو ئاسان کاروباری رۆژانەی خۆیان بە مۆبایل بەرێوە دەبەن ، ئەگەر بێتوو چەند ساڵێك بگەرێینەوە دواوە دەبینین تەکنەلۆژیا بەم شێوەیە پێشکەوتوو نەبوو کە مرۆڤ بتوانێت لە هەر شوێنێك بێت پەیوەندی بکات وەکو ئێستا کە لە رێگای تۆڕەکانی هێڵی مۆبایلەوە شتەکان زۆر ئاسان بوون ،دوای هەوڵدانێکی بێ وچان توانرا لە کوردستان چەند هێڵێکی مۆبایل وەکو ( کۆڕەك تیلیکۆم و ئاسیا سێل ..هتد ) دابمەزرێنن و بەمەش کار ئاسانیەکی زۆری بۆ هاولاتیان هێنایە ئاراوە کە دیسانەوە ئەمەش وای کردوە تەلەفۆنی ناوماڵ یان جوانتر بڵێم تەلەفۆنی (نۆرماڵ) کەمتر بەکاربهێنرێ،ئەگەر چی لە رووی نرخەوە تەلەفۆنی (نۆرماڵ) کەمتریشی تێ دەچێ و هەرزانترە بەڵام لەبەر ئەوەی مۆبایل هەڵگرتنی ئاسانەو دەتوانرێ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بە ئاسانی بگوازرێتەوە ،کۆمپانیای ناوبراو لەو ماوەیەی دامەزراوە هەتاکو ئێستا چەندان خزمەتگوزاری جۆراو جۆری پێشکەش بە بەشداربوانی کردووە چ لە هەولێر چ لە شارو ناوچەکانی تری کوردستان ،بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و نیگەرانی و دڵتەنگی بەشێکی زۆری هاوڵاتیانە ئەوەیە کە ئەو کۆمپانیایە سیم کارتی جۆراو جۆری فرێداوەتە بازارەکان یان باشتر بڵێم سیم کارتی (علوج) یان سیم کارتی هەرزان هەر ناوێکی تر.. لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە سیم کارتانە وەکو ئەوانەی تر نین کەوا بە ناوی یەکێك بێت و یەکێك خاوەنی بێت و کە خوا نەخواستا بەیانی دوو بەیانی ئەگەر هاتوو کارێکی نا شایستەو نادروست بەم سیمکارتە علوجانە کراو ئەو کاتە بتوانی سکالای یاسایی لەسەر ئەوکەسە تۆمار بکەی کەوا کاری ناڕەوا بەم سیم کارتانە ئەنجام دەدات، ئینجا لەو ساتەدا بە کێ دەڵێ ی تۆ گوناهباری ؟ ناتوانی کەسێك تۆمەتبار بکەی بەوەی کە مۆبایلەکەی بۆ کاری نادروست بەکاردێنێ و خەڵکی پێبێزار دەکات ! کاتێکیش کە پەیوەندی بە راژەی بەشدار بوانەوە دەکەی و ژمارە (411) لێ دەدەی و پێ ی دەڵێ ی ئەو ژمارەیە بێزاری کردوم و واز ناهێنآ و بەردەوام نوکە دەکات و ئیزعاجی کردوم دەڵێ کاکە گیان بەیانی وەرە ئۆفیس و عەریزەیەك بنوسەو سکاڵای یاسایی لەسەر ئەو ژمارەیە تۆمار بکە زۆر چاکە... بەڵام ئایا ئەو ژمارەیە بەناوی کێ یەو کێ خودانیەتی ؟! ئەگەر چی ئەم باسە چەندان جار لەسەر لاپەرەی گۆڤارو رۆژنامە و بەرنامە تەلەفزیۆنی و رادیۆییەکانەوە بە ماڵپەرەکانی ئینتەرنێتیشەوە بە تێرو تەسەلی تیشکی خراوەتە سەرو باسی لێوە کراوە، بەڵام تاکو



ئێستا ئەم کێشەیە هەروەکو خۆی ماوەتەوە و لە لایەن کۆمپانیای کۆڕەکەوە چارەسەرییەکی تەواوی بۆ نەدۆزراوەتەوە کە لەگەل پەیدا بوونی ئەم جۆرە سیم کارتانە و فرۆشتنیان بەم شێوەیە کێشەو هەرایەکی زۆری ناوەتەوە لە نێو کۆمەڵگەکەمانەوە بە تایبەتیش لە شاری هەولێر، ماڵی زۆر کەسی کاول کردووەو زۆر ژن و مێردی لە یەکتر جیا کردۆتەوە و زۆر ژنی بە تەڵاقدان داوە ،بە هەڵە تەلەفۆن کردن بۆ هەر ژمارەیەك بە دەستی ئەنقەست و بە گاڵتەو رابواردن و کات بردنە سەر ،شتێکی زۆر ناشیرین و نارەوایە و دوورە لە رەوشت بەرزی و ئاکاری جوانی مرۆڤ ، بە تایبەت من چەندان حالەتی ئەوا زەقم بە چاوی خۆم بینیوە کە هەندێکیان تراژیدیایی وای لێکەوتۆتەوە و چەندان منداڵی چاوگەشی بێ دایك و باوك کردووە و بێ نازی کردون لە سۆزی دایك و باوکیان ،ئاخر کآ بەر پرسیارە لە ئایندەو داهاتووی ئەم پەپولانە کە دەبنە سووتەمەنی ئەو هەڵانەی کەوا لە نێوان دایك و باوکیان رووئەدات ، بەهۆی نوکە کردنێك یان تەلەفۆنێکی هەڵە لە لایەن کەسێکی نەناسراوەوە و بەهۆی لە یەکتر نەگەیشتن . مۆبایل لە وڵاتانی پێشکەوتوو ئامرازێکی گەیاندنەو بەهۆی ئەم تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەوە توانیویانە زۆربەی هەرە زۆری کارەکانیان بە شێوەیەکی زۆر خێراو سەرنج راکێش بەرێوە ببەن و پێشکەوتنێکی خێرا لە کارەکانیان بەدی دەکرێ تەنانەت کات لای ئەوان شتێکی گرنگەو زۆر بە بایەخەوە سەیری ئەکەن و کاتیان زۆر کەمە بەوە راناگەن بە تەلەفۆن بە یەکتری رابوێرن لە کاتی یەکتری بگرن وەخت بکوژن، ئەوان مۆبایل دروست ئەکەن و بەکاری دێنن کەچی هەندێك لە ئێمە نازانین وەکو خۆی بەشێوەیەکی دروست بەکاری بێنین ، وەکو هەندێك لە هەرزەکارانی لای خۆمان بە تایبەتیش لە شەواندا کە بە چەند ژمارەی جیا جیا بە نووکەو زەنگ لێ دان خەڵکیان هەراسان کردووە،خەڵکی لەخەوە کەن و کاتێکیش پێیان دەڵێ ی کاکە بۆ بەم نیوەی شەوە خەڵکی بێزار دەکەن و لێ ناگەرێن خەڵکی پشوو بدەن دەڵێ وەڵلا لە خۆمان بێزارین .. بێ ئیشین .. وەختمان زۆرە ..وەختمان زیادە .. بە دەیەها قسەی ناشیرینی لە چەشنی ئەم قسانەیان ،کاتێك پرسیاری ئەوەیان لێ دەکەی چۆن ئەو ژمارەیەت دەست کەوت لە کێت بوو یان لە کێت وەرگرتووە یەکسەر وەڵامی حازری لە لایە دەڵێ هەر لە خۆمەوە ژمارەیەکم لێ داو خۆ و شەنس پەیوەندیەکەی تۆم بۆ وەرگیرا



و ئێستاش هیچ نەبووەو تۆزێك قسەو گاڵتەو گەپ و سوعبەت دەكەین ئینجا دوای ئەوە هەر كەسەمان لە ماڵی خۆمان،دواتر كە ئامۆژگاری دەكەی وپێ ی دەڵێ ی كاكە تەلەفۆن یان مۆبایل بۆ ئەوە نەكراوە بە خەڵكی رابوێری و هاوڵاتیان بێزار بكەی دەڵێ دەی ..دەی .. هەر گوێشی مەدەرێ منیش بە تەنیام و خەوم لێ ناكەوێ و ئەی بەم نیوەی شەوە خۆم بەچی مەشغول بكەم؟! یان زۆر جاری وا هەیە تەلەفۆن بۆ ژمارەیەك دەكەن ئەگەر هاتوو ئەو كەسەی كە وەڵامی تەلەفۆنەكە ئەداتەوە كچ بێت تەواو ... وای بە حاڵی كچەكە ئیتر سەنگەر چۆڵ ناكەن و بە بەردەوامی جەرەس و نوكەی بۆ لێ ئەدەن و وای لێ ئەكەن كچەی بەستەزمان بە ناچاری یان ژمارەكەی دابخات یان ئەوەتا مۆبایلەكەی بكوژێنێتەوە و قوفلی بكات، ئینجا چار و حەلی ئەم كێشەیە چییە؟! جا ئەگەر هاتوو ژمارەیەكیان لێ داو كوڕ بوو ئەوا یەكسەر دەست دەكەن بە پارانەوەو داوای لێبوردن ئەكەن و بە بیانوی ئەوەی نەیانزانیوە یان ژمارەیەك لە ژمارەكانیان بە هەڵە لێداوە، ئینجا پێویستە لەسەر كۆمپانیای (كۆرەك تیلیكۆم ) تا كێشەی ناخۆشتر رووی نەداوە من چەند پێشنیارێكم هەیە بۆ كۆمپانیای ناوبراو بە ئومێدی سەركەوتنی زیاترو پێشڤەچونی گەورەتر .

-1 پێویستە هەر چی سیم كارتێك هەیە كە بەناو نەكراوە بەناو بكرێت ،لام وابێ ئەگەر بە هەڵە نەچووبم ساڵی پار بوو كاتێك ئاگاداری بەشدار بوانی خۆتان كردەوە ئەوانەی كەوا سیم كارتیان بە ناوی خۆیانەوە نەبێت بێن بەناوی خۆیان بكەن .

-2 رێگە چارەیەكی گونجاو بدۆزنەوە بۆ نەهێشتنی ئەم جۆرە دیاردە قزێونانە كەوا رووی كۆمەڵگاكەمانی پێ ناشیرین دەكات .

-3 پێشنیاری ئەوە دەكەم كەوا لەمەو بەدوا هەر جۆرە ژمارەیەكی سیم كارتێكی نوێ كە دەتانەوێ دابەشی بكەن و بیفرۆشن ،وەكو ئەوانەی پێشوو بە نرخێكی گرانترو چەند مەرجێكی بۆ دابنێن بۆ ئەوەی هەموو كەسێك بە ئاسانی نەبێتە خاوەنی سیم كارت من لێرەدا مەبەستم ئەوە نیە نرخی گران بكەم بەڵام ئەگەر نرخی سیم كارتێك لە ناو دوكانی مۆبایل فرۆشەكان و بە تایبەتیش لە ناو بازاڕی مۆبایل فرۆشەكان كە بە وتەی خۆیان ناویان ناوە بازاڕی (چەرچیەكان) بە (10) هەزارو (15) هەزار بێت كەوایە نرخەكەی زۆر هەرزانەو هەر كەسێك بیەوێ دەتوانێ نەك (1) سیم كارت بەڵكو دەتوانێ (3 تا 5) دانە سیم كارتی هەبێ و بێ ئەوەی بەناوی خۆشی بێ .

-4 لە رووی تەمەنەوە سنورێك بۆ منداڵ دابنرێت بۆ چی منداڵ لە خوار تەمەنی (18) ساڵیەوە سیم كارتی هەبێت و بەمەش ئەگەر قوتابی بێت ئەوا ئاگاداری خوێندنی نابێ و سەرقالی مۆبایلەكەی دەبێ ،بێ ئاگایی بوون لە منداڵ كێشەی زۆر بۆ خێزانەكەی دروست دەكات لەبەر ئەوە دیسان هەرزانی نرخی سیم كارت وای كردووە تەنانەت ئەوانەی لە خوارەوەی قۆناغی هەرزەكارین مۆبایلیان هەبێ .

-5 سزادان و غەرامەكردنی ئەو كەسانەی كەوا دەبنە مایەی ئەزیەت دانی خەڵكی و بێزاریان دەكەن جا ئەو غەرامە كردنە چ بە پارە بێت چ سیم كارتەكەی بۆ ماوەیەك رابگیرێ، بەڵام دیسانەوە لێرەدا دەتوانێ سیم كارتێكی كۆدی حەوت سەدەكان بكرێ یان هەر ژمارەیەكی تر كەوا كرابێتەوە و كەبس نەبێ و دیسان هەمان تاس و هەمان حەمام مەگەر تەنها كۆرەك رێگا چارەیەكی جدی بۆ ئەم كێشەیە بدۆزێتەوە .

# گەنج و پرسیارکردن

**محەمەد فەریق**

پرسیارکردن بەشێکی گرنگەلەپێکهێنانی کەسێتی تەندروستی گەنجدا. بۆیەئەکرێ بڵێین: هەموو گەنجێك و لەهەر کۆمەڵگەیەکدا خاوەن پرسیاری تایبەتی خۆیەتی، بەڵام کێشەکەلەوێدایەئاخۆ تا چەند ئەو گەنجەپرسیارکەرەتوانای زەمینە ڕەخساندنی هەیەبۆ تەوزیفکردنی ڕهەندەکانی ئەو پرسیارەلەخزمەتی پرسی تویژەکەی خۆیدا..؟ ئەك پرسیارەکەهەمانکات خۆی لەقاوخی ئەم گرفتیکدا خۆی دەنوێنێ، تەواو گەنجانی ئیمەیشی پیوەگیرۆدەبوونە.. مەحاڵەبتوانین نکۆڵی بکەین لەوەی کەگەنج کائینیکی پرسیارکەرەو داتایەکەلەهەموو کات و شوێنیکدا بوونی هەیە، چونکە بێگومان لەسەردەمیکدا دەژی جیاوازەلەو سەردەمەی کەنەوەی پیش ئەوی تیا ژیاوە، بۆیەلیرەدا قسەی ئیمەئەوەیەئاخۆ بۆچی گەنجانی کورد تا ئیستا نەیانتوانیوەئەو پرسیارو ڕامانەی خۆیان بکەنەبزاوتیکی کۆمەڵایەتی و لەسەر شەقامەکان و لەنیو دەزگاو ناوەندەکانی خویندن و زانکۆکاندا، بیکەنەجۆریك لەهیزی فشاربەر بۆ سەر کۆی ئەو کۆت و بەندە باوانەی کەکۆمەڵگەی سوننەتی و تەقلیدی کوردی دووچاری کردوونەنەوەو لەسەرەڕیگەیاندا بۆی جیەیشتوون و هەموو چەشنەخەونبینییەکی لیزەوتکردوون..؟ ئەم پرسیارەش بەشیکەلەهەوڵدانی گەنجانی هۆشیار بۆ هەنگاونان بەرەو دەربازبوون لەو قەیرانەی کەئەمڕۆ بەبیدەنگییەکی کوشندەلەسەریان کەوتووەو بەتیپەڕبوونی زەمەنیش خەریکەزیاتر و زیاتر لەنیو جەستەی بزوینەریاندا پەپکەدەخوات و دەچەسپێ، خۆ ئەگەر ئەم پرۆسەیە(تەوزیفکردنی پرسیاری گەنجانە) لەنیو خودی نوخبەی گەنجانی هۆشیاردا سەرهەڵنەدات و شۆڕنەبیتەوەبەنیو کایەفراوانەکانی کۆمەڵدا، ئەوکات ناتوانین بەهیچ پیوەریك پەنجەبخەینەسەر خاڵی جیاوازی نیوان (پیر) و (گەنج)، چونکەدواجار هەموو جۆرە یاوزییەکی گەنجیگ لەبەرامبەر پیریکدا تەنەاو تەنەا خۆی لەهەبوونی پرۆژەی جیاوازدا دەبینیتەوە، بۆیە بەبێ بوونی پرۆژەیەکی جیاوازی گەنجانەلەکۆمەڵگای کوردی و هاوشیوەکانیدا، ناتوانین بەهیچ جۆریك دڵمانخۆشبی و بڵیین: (ئەوا ئاسۆکانی پیشکەوتنمان لیوەدیارە!).. هەموو پرۆژەیەکیش کەجیاوازی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبێ، دواجار بەشیکی گەورەی پیکهاتەکەی بریتییەلەپرسیارکردن و گومانکردن لەهەمبەر هەموو ئەو پرۆژەو شیوازەی ژیانکردنانەی لە پیشووتردا بوونیان هەبووە، لەنیو کۆمەڵگەدا، چونکەپرۆژەی جیاواز دەسمایەی مەزنی هەموو شیوەکانی بەرهەمەینانی نوییە، کەئەو خەسڵەتەش وادەکات توانادای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو لیشاوی جیهانگیرییەمان بکاتەوە، کەئەمڕۆ سەرجەمی جیهانی تەنیوە، لەو حاڵەکاتەشدا گەنج بەوپەڕی ساناییەوەدەتوانێ سەرپشکی هەموو گۆڕانەکان بیت.. دەبێ گەنجانی پرسیارکەر کاریك بکەن، سەرجەمی کۆمەڵگا ناچار بکەن قەناعەت بەینن بەهەمان پرسیاری زیندووی خۆیان، تا بیسەلمینن ئەمانیش لەتوانایاندایەبزووتنەوەیەکی گەنجانەی ڕاستەقینەدروستبکەن و کاری جدیشی پیبکەن لەکۆمەڵداو هەنگاوی عەمەلیش بۆ پیشەوەبنین.